گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.٩ ژ.١، ٢٠١٩/٢٠٢٠
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0، e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v10n3a1200

# ململانێی چینایەتی لە ڕۆمانی کوردی

د. شوان سلێمان یابە، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێما کوردستانا عیراقی
د. عبدالله رحمان عەولا، کۆلێژی پەروەردە ـ مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێما کوردستانا عیراقی

**پوختە**

ململانێی چینایەتی یەکێك بووە لەو تەوەرە گرینگانەی کە بەشێك لەپاڵەتایی دەقی ڕۆمانی کوردیان پێکهێناوە، بەتایبەتیش لە قۆناغی پێش ڕاپەڕینی 1991دا، کە تێیدا ململانێیەکانی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە دەقی ڕۆمانەکاندا شەن و کەو کراوەو ڕەهەند و کاریگەرییەکانی روون کراوەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆماننووسانی کورد لە چوارچێوەی بایەخدانیان بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و بەتایبەتیش ڕۆمان و کۆمەڵگە هەوڵیانداوە دەقی ڕۆمانەکانیان بۆ کێشەو گرفتەکانی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی تەرخان بکەن و بەشێك بن لە خستنەڕووی کێشەکان و چارەسەرکردنیان. ڕۆمانی کوردی کۆمەڵگەی گوندنشینی لە چوارچێوەی ململانێی نێوان هەر دوو چینی دەرەبەگ و چینی هەژار و چەوساوە باس کردووە، هەروەها ململانێیە چینایەتییەکانی ناو شاری لە هەردوو جۆری ململانێی نێوان چینی بۆرژواو و چینی هەژار و چەوساوەو هەروەها ململانێی نێوان خاوەن کار و کرێکاردا لە دوو توێی ڕووداو هەکانیدا خستۆتەڕوو. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ململانێی چینایەتی لە چوارچێوەی ئەدەب و لەژانرێکی سەردەمیانەشیدا کە ڕۆمانە شیدەکەینەوە، لەمەشدا کۆمەڵێك دەقی ڕۆمانی کوردی بەنموونە وەرگیراوە.

## 1. پێشەکی

ململانێی چینایەتی پەیوەستە بە خودی کۆمەڵگەوە، چونکە کۆمەڵگە لە هەموو کاتێك و سەردەمێکدا لە چەندین چینی جیاواز پێکدێت کە هەمیشە لەناوخۆیاندا ناتەبا بوونە و دژایەتیان هەبووە، ئەگەر بەوردیش لە بوونی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگە بکۆڵینەوە، ئەوا مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە ـــــ ئەمە سەرەرای ئەوەی کە خودی چەمکی ململانێ، چەمکێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە وبەشێك لە تانوپۆی پەیوەندییەکانی بە ئەوی دیکەوە پێکدەهێنێت، چونکە ململانێ لەنێوان مرۆڤەکان دێتەکایەوە، چ بەشێوەی تاك بێت، چ بەشێوەی گروپ بێت.

پەیوەندی نێوان ململانێی چینایەتی و ڕۆمان دەمانباتەوە ناو چوارچێوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، دیارە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی چڕ وپڕ تێکەڵە و هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەدا هەیە. بۆیە ئەدەب و بەتایبەتی ژانری ڕۆمان ئەو گۆڕەپانەیە کە ململانێی چینایەتی خۆی دێتە دەبینێتەوە و ڕۆماننوسانیش لەم بارەیەوە راو سەرنجی خۆیان گوزارشت کردووە .

سنوری توێژینەوەکەمان : لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ڕۆمانەکانی باشووری کوردستان کراوە بەتایبەتیش ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیەی کە پێش ڕاپەڕینی 1991 نووسراون . لەم ڕووەوەش دەقی ڕۆمانی کوردی بەنموونە هێنراوەتەوە کە ململانێیە چینایەتییەکانیان کردۆتە گرێچنی ڕووداوەکانیان.

ڕێبازی توێژینەوە: مێتۆدی سەرەکی توێژینەوەکەمان، مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە،کە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی ڕۆمان دایە، هەروەها بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە سوودمان لە مێتۆدی وەسفی وەرگرتووە و لەپێناو شیکردنەوەی و کارکردن لەسەر دەقی ڕۆمانەکانیشدا بۆ مێتۆدی شیکاری گەڕاینەوە، بۆ ئەوەی لایەنی تیۆرییەکە لەکۆتاییدا لەناو دەقەکاندا پراکتیزە بکەین.

هۆکاری توێژینەوەکە: هۆکاری سەرەکی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئێستا لەڕوانگەی ئەدەبییەوە لە بوارێکی گرینگی وەکو ململانێیە چینایەتی نەکۆڵراوەتەوەو و هەروەها پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەشێوە گشتییەکەی کەمترین توێژینەوەی لە ئەدەبی کوردی لەسەر کراوە .

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا چەمك و زاراوەو ململانێ و ململانێی چینایەتی و پەیوەندییان بە ئەدەب و ژانری ڕۆمانەوە شیکراوەتەوەو تیشکی خراوەتە سەر. لەبەشی دووەمیشدا لەڕوانگەی لە هەر دوو کۆمەڵگەی گوند و شاردا باس لە ململانێی چینایەتی لە دەقی ڕۆمانەکاندا کراوە .

## 2. بەشی یەکەم: چەمك و زاراوەی ململانێی چینایەتی

ململانێی چینایەتی ئەو ململانێیە دەگرێتەوە کە لەناو چینەکانی کۆمەڵگە دێتەکایەوە، ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانی بنیادی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی بەدەستهێنانی ئابووری، کە وا دەکات چینەکان وەکو قەوارەیەك بۆ بەرژەوەندییەکانیان خەبات بکەن، بەمەش هەوڵی باڵادەستبوون بەسەر چینە رکابەرەکانیان دەدەن و لە ئەنجامیشدا چ بەشێوەی توندوتیژ و چ بەشێوەی ناتوندوتیژی بێت، ململانێیەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئازادییەکان و بەرژەوەندییەکانیان دێتەئاراوە، بۆیە ئەو ململانێیە چەندین جۆر لەخۆ دەگرێت و بەپێی شێوەو جۆری کۆمەڵگەکانیش رەنگرێژ دەبن. بەو واتایەی لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، بەپێی جۆری کۆمەڵگەکان جیاواز دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەش ململانێی چینایەتی لەهەردوو کۆمەڵگەی گوندنشینی و شارنشینی، ئامراز و کەرستەکانی جیاوازە. لەم رووەوە ململانێیە چینایەتییەکان پەیوەست دەبێت بە ئەدەب و رۆمانەوە لەچوارچێوەی پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگەوە، لێرەدا لێرەدا بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکان، جەخت لەسەر ناسینی هەردوو چەمکی ململانێ و چینایەتی دەکەین و دواتریش تیشك دەخەینە سەر پەیوەندی ململانێی چینایەتی بە رۆمانەوە.

### 1.2 ململانێ

چەمکی ململانێ، چەمکێکی ئاڵۆز و فرە رەهەندە، بوونی ململانێ ئاماژەیەکە بۆ بوونێکی چەسپاوی واقیعی مرۆڤایەتی، ئەو واقیعەی بوونی شارەزایی مرۆڤی لەبارەی ململانێیەوە بۆ یەکەمین مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە و بەشێك لە تانوپۆی پەیوەندییەکانی بە ئەوی دیکەوە پێکدەهێنێت، چونکە ململانێ لەنێوان مرۆڤەکان دێتەکایەوە، چ بەشێوەی تاك بێت، چ بەشێوەی گروپ بێت. بەو واتایەی کە ململانێ ((ئاماژەیەکە بۆ حاڵەتێك یان بارودۆخێك کە تێیدا کۆمەڵێك مرۆڤ لە چوارچێوەی جۆرێك لە بەرهەڵستکاربوونێکی هۆشیارانە لەگەڵ گروپێك یان زیاتر لە گرووپێکی دیکەی مرۆڤ رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە گرووپە بەهەرلَستکارەکە خاوەن ئامانجێکە، گرووبەکانی دیکە قبوڵی ئەو ئامانجانەی ناکەن)) ( ایمان قارە، 2018: ل5) و بەهۆی ئەمەشەوە ململانێی دێتەکایەوە. بۆیە ململانێ چەمکێی ئاڵۆز و فراوانە، بەهۆی ئەمەشەوە لە گەلێك لایەنەوە لێی کۆڵراوەتەوە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەی بۆ کراوە، لەوانەش لەگۆشەنیگای دەروونناسییەوە پێناسەی ململانێ کراوە بەوەی کە (( هەڵوێستێکە تێیدا تاك پاڵنەرێکی هەیە بۆ گیرۆدە بوون یان چوونە ناو دوو چالاکی یان زیاتر، کە سروشتێکی زۆر جیاوازیان هەبێت)) ( نسیم الصمادی، 2002: 1) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر گونجان و سازانی مرۆڤ لەگەڵ بارودۆخەکان و رووبەڕووبوونەوەیان. لەروانگەی سیاسییەوەش ململانێ بریتییە لەوەی کە لایەنە ململانێکارەکان زانیارییان هەیە لەبارەی ئەوەی کە لەگەڵ لایەنی دیکەدا ناگونجێن و ناسازێن لەو هەڵوێستانەی، کە رەنگە دوارۆژ رووبدات. ئەمەش هەر لایەکییان ناچار دەکات هەڵوێستی خۆیان بەشێوەیەك بنیاد بنێن و بگرنە بەر کە لەگەڵ هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە نەگونجێت. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ململانێی تێکۆشانێکە لەپێناو بەها، یان داواکارییەك، یان بارودۆخێکی دیاریکراو ، یان هێزێك، یان لە بارەی شیانێکی دیاریکراوە یاخود دەگمەن. لێرەشدا ئامانج تەنیا بەدەستهێنانی بەهاکان نییە، بەڵکو لێدان و زیان پێگەیاندن و لادان و لەناوبردنی بەرانبەرەکانیشان دەگرێتەوە. ( عبدالرحمن خلیفە،؟: 156). لێرەشدا چەمکی ململانێ، چەمکێکە زیاتر لە رکابەری و دژایەتی فراوانترە، چونکە خاوەن بیرۆکە و ئامانج و مەبەستی خۆیەتی، بەو واتایەی کە ململانێ گەورەترە لە مەسەلەکانی دژبوون و رکابەری، چونکە ململانێ هەر وەکو چۆن لایەنی نەرێنی دەگرێتە خۆی بەوەی کە پێویستە تاك و کۆمەڵگە لە ململانێ دوور بکەونەوەو دەسەڵاتیش بەرنامەی خۆی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان تاوەکو نەگاتە پلەی ململانێ، کە ئەمەش گۆشەنیگای باو و کۆن لەبارەی ململانێ پێکدەهێنێت، لەبەرانبەریشدا تێگەیشتنی نوێ و تازە بۆ ململانێ لەوەدایە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لێی دەڕوانێت و بە کارێکی سروشتی لەقەڵەمی دەدات و بوونی بەشێوەیەك لە شێوەکانی تەندروستی کۆمەڵگە دەخوێنێتەوە و بە رەنگدانەوەی سروشتی تازەگەری دادەنێت کە زیندوویەتی بە کۆمەڵگە دەبەخشێت و پێیوایە لە تواناداهەیە ململانێ بەڕێوەببرێت و بوونی بەپلەیەکی دیاریکراو کارێکی پێویستییە ( ابراهیم علی ربابعە، 2017: 3 ـ4).ململانێش چەند ئاستێکی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن :

- پەیوەستە بەخودی چەمکی ململانێیەوە کە بارودۆخێکی خاوەن خەسڵەت و سیماو تایبەمەندی خۆیەتی، کە پێویستە دژایەتی و نەگونجان لە نێوان لایەنەکانیدا هەبێت و هۆشیاریشیان لەبارەی ئەو دژایەتیی و نەگونجانە هەبێت، هەروەها هەڵوێستێك بنوێن کە لەگەڵ هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە نایەتەوەو ناگونجێت.

- پەیوەستە بە لایەنەکانی ململانێیەکە، بە واتایەی خودی لایەنەکان گرنگن بۆ ناسینی ململانێیەکە، کەئەویش بریتییە لە : أ ـــــ ململانێیەکانی تاك: کە لایەنەکانی تاك و دیارن و سنووری ململانێیەکەش دیاریکراو و بەر تەسکە. ب ـ ململانێی نێوان گرووپەکان: کە جۆری ئەو ململانێیە بە پێی جۆری گرووپەکان دەبێت، بێگومان سنووری فراوانتر و جۆراجۆرترە .
- ململانێی نێوان وڵاتەکان : ململانێی نێوان وڵاتەکان دەگرێتەوە کە زۆر جاریش بە ململانێی نێودەوڵەتی دەناسرێت کە زۆر ئاڵۆز و فروانترە لە چاو ململانێیەکانی دیکە. ( د.ازهر چيف، ا.جميله زيدان، 2016: 190).

سەرەڕای ئەمانەش بەشێك لە لێکۆڵەرو زانایان جۆرێکی دیکەش بۆ ململانێ زیاد دەکەن کەئەویش پەیوەستە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، واتا لەناخی مرۆڤ خۆیدایە کە ئەویش خۆی لە ئامانجە ئەرێنی و نەرێنییەکان تاك دەبینێتەوە، سەرەڕای ئەو رۆڵە جیاوازانەی کە تاك لە ژیانی رۆژانەی خۆی لەناو کۆمەڵگە ئەنجامی دەدات. ( ابراهيم علي ربابعه، 2017: 2). بۆیە دەتوانین ئەو جۆرە ململانێیە بە ململانێی ناوخۆیی و جۆرەکانی دیکەش بە ململانێی دەرەوەیی دابنێین. سەرەڕای ئەو بیروبۆچوونە جیاوازییانەش لەبارەی ململانێیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوە لەناو کۆمەڵگە بەهەموو ئاستەکان و چینەکانییەوە، چونکە راستەوخۆ پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و رۆشنبیری ..تاد.

### 2.2 ململانێی چینایەتی

ململانێی چینایەتی پەیوەستە بە خودی کۆمەڵگەوە، چونکە کۆمەڵگە لە هەموو کاتێك و سەردەمێکدا لە چەندین چینی جیاواز پێکدێت کە هەمیشە لەناوخۆیاندا ناتەبا بوونە و دژایەتیان هەبووە، ئەگەر بەوردیش لە بوونی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگە بکۆڵینەوە، ئەوا مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە. هەر چەندە سەرەتاکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چینایەتی بەخۆیەوە نەبینیوە و هەموو مرۆڤەکان وەکو یەك ژیاون، بەڵام دواتر هەروەکو (رۆب سيويل) روونی دەکاتەوە ئەو ژیانە پێکەوەییە کە زۆرجار بە کۆمۆنەی خێڵەکی سەرەتایی ناوی دەبرێت لەناوچووەو کۆمەڵگە بەسەر چینەکاندا دابەشبووە ، ئەمەش ئەنجامی گۆڕانێکی بنچینەیی بووە لە ژیانی مرۆڤدا، پێشکەوتن لە جۆری ژیانی مرۆڤ هاتۆتەکایەوەو بەهۆیەوە دابەشکردنی کار و ئەرکەکان دروست بووە و بەمەش چینەکان هاتوونەتە کایەوە (ئالان وودس،2019: 78). کەواتە دەتوانین بەوە پێناسەی چین بکەین کە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێك کە گردبنەوە، یاخود کۆدەکرێنەوە، کە ئەرکی وەکو یەکیان هەیە و هەروەهای یەك شێواز و ئایدۆلۆژیا و ئاستی ئابووری و ...تاد هەیە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چین لە تاکی کۆمەڵگە دروست دەبێت، تاکی کۆمەڵگەش بە رۆڵی خۆی ئاستێکی بچووکی کۆمەڵگە دروست دەکات، کەواتە ئاستەکانی دیکەی کۆمەڵگە دوای ئاستی بچووکی تاك، بریتین لە ئاستی ناوەند کە لە رێکخراو و دامەزراوەو گرووپ پێکدێت و ئاستی گەورەش کۆمەڵگەکە خۆی دەگرێتەوە. دیارە چین لەم سێ ئاستدا دەکەوێتە ئاستی ناوەندو بەمەش ئەرکی گرێدانی تاك بە کۆمەڵگەی لە ئەستۆ گرتووە (يانيك لوميل، 2008، ل14-15). ئەم ئەرکەش وای کردووە چین دیار و دەرەوشاوە بێت و کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە هەبێت.. ئەمەش وای کردووە چین زیاتر لە ئەرکێکی لەناو کۆمەڵگە هەبێت، لەوانەش:

- چین وەکو پێگە: هەڵکەوتە و شوێنی چین لە ناو کۆمەڵگە و ئاستی بەشداربووان و کارامەیی ئەندامەکانی کاریگەری و کارتێکردنی مەزن دەگێڕێت لە باڵابوونی چین لەناو کۆمەڵگەکەدا.
- چین وەکو ناسنامە: ئەویش کۆمەڵێك رەفتارو کردەوە دەگرێتەوە لەوانە پلەی تێکەڵبوون و لە یەکچوون لە رەفتارو بیروڕایەکان و هەستی هاوبەش و هۆشیاری چینایەتی و...تاد، کە هەموو بەیەکەوە دەبنە ناسنامەی دیاریکراوی چینەکە.
- چین وەکو بکەری مێژوویی: لە ئاستی بچووکدا بریتییە لە پلەی بەشداربووی ئەندامانی چینەکە لە داواکاری و کارکردنی هاوبەش، لە ئاستی گەورەشیدا بریتییە لە پێکەوەنانی پێشبینین و پلاندانانێك بۆ ئایندەی کۆمەڵگە(يانيك لوميل، 2008، ل28).

کاتێك چینێك پێگەو ناسنامەی خۆی دیاریکرد، وەکو بکەرێکی مێژوویی هەوڵی چەسپاندنی خۆی دەدات و بەمەش لەگەڵ چینەکانی دیکە دەکەوێتە ململانێیەوە، هەندێکجار ئەو ململانێیە بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لە توندوتیژییە، و هەندێکجاریش بە شێوەیەکی توندوتیژ و شەڕ دەبێت. بۆیە زۆر جار ئەو ململانێیە لەناو چینەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی جۆری سیستەمی حوکمڕانی لە کۆمەڵگەدا دیار بکات، چونکە لەدواجاردا ئەو چینانە جیا لەوەی پێگەی ناو کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بەشێکی گرینگیش لە بیروبۆچوونە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرن و دەبنە ناسنامەیەك بۆ خودی چینەکە و جۆرێك

لە هاوئاهەنگی و تەبایی لەنێوان ریزەكانی ئەو چینە دروست دەكەن. ئەو ململانێ چینایەتییە بنچینەو كرۆكی فەلسەفەی (كارل ماركس 1818-1883)ی پێكهێنا، ئەو لایەنی ئابووری و ئامرازەكانی بەرهەمهێنانی بە بناغەی دروستبوونی چین لەقەڵەم دا و لەروانگەی ئەویشەوە كۆمەڵگە تەنیا لە دوو چینی گەورە پێكهاتووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: ((كۆمەڵگە زیاتر بەرەوە دابەشبوون بۆ دوو بلۆكی فراوان و دژیەك دەچێت، دوو چینی گەورە، كە دوژمنایەتییەكی راستەوخۆیان هەیە، ئەوانیش بۆرژوازی و پرۆلیتاریان))(ماركس و ئەنگلز، ؟:38)، كە ئەمەش وا دەكات هەر یەكێكیان ئیرادەی سیاسی و مێژوویی دیاریكراویان هەبێت، لەمەشدا ململانێ دێتەئاراوە كە زۆربەی جار خوێناوی و توندوتیژ دەبێت. لەلایەن خۆیەوە (ماكس ڤیبەر) هەمان رای (ماركس)ی هەیە لەبارەی ململانێی چینایەتییەوە، بەڵام ئەو پێیوایە چەمكی چین لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم رەگەزە بنیادنەرەكانی پێكهات، بۆیە چەمكی چین، چەمكێكی نوێیە و پێشتر چەمكی (توێژ) هەبووە، كە ئەمەش بریتییە لەوەی كە كۆمەڵە مرۆڤێك لە خۆ دەگرێت بەڵام ئەو مرۆڤانە دروستكەری توێژ نین، بەڵكو تەنیا پایەیان تێیدا هەیە و دەتوانن وەسفی بكەن و تێبینیان لەسەر هەبێت، لەكاتێكدا چین رێگە بە ئەندامەكانی دەدات هەر جارەو پێناسەو ناسنامەیەكی نوێی بۆ دروست بكەن و بیگۆرن, واتە زیاتر كاراترن. بەهۆی ئەمەشەوە ململانێی چینەكان هاتە كایەوە، ئەو هاتنە كایەوە بەهۆی جیاوازی چینەكان روویدا، بۆیە ((بەدرێژایی مێژوو پیاوە بیرمەند و گەورەكان هەوڵ و هیوایان ئەوە بووە كە مرۆڤەكان بە یەكسانی بژین و چینی كۆمەڵایەتی لێكیان جیا ناكاتەوە، دوورین لە لووتبەرزی بەهۆی سەروەت و سامان و بەدوورین لە ئەشكەنجەی دەستی هەژاری)) ( شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، 2006: 35) ئەو بیروبۆچوونە لەبارەی ململانێی چینایەتییەوە لەگەڵ گۆرانكارییەكانی بنیادی كۆمەڵایەتی و ئابووری، گۆرانكاری لەبارەی دروستبوونی چینەكانیشی لێكەوتەوە، بەو واتایەی ململانێی نێوان چینەكان بەهۆی پێگەی ئابووری و ئامرازەكانی بەرهەمهێنان بوو، بۆیە (( مێژووی مرۆڤایەتی جگە لە (قۆناغی سەرەتایی) بە چەند قۆناغێكی جیاجیا تێپەریوە، وەك : قۆناغی كۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری، سۆسیالیزمی، بەدیاریكردنی ئەم قۆناغانە و دەستنیشانكردنی هۆكارەكانی گۆرانی هەریەك لەم قۆناغانە بۆ قۆناغێكی تر دوابەدوای یەك دەتوانین هۆكارەكانی دروستبوونی ململانێكان دەستنیشان بكەین)) ( شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، 2006: 37-38) هەر لەم روانگەشەوە بەرای (گۆڵدتورب) بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و گەیاندنەوە، چینی دیكەی وەكو چینی هەژاران،چینی دەوڵەمەند چینی ناوەراست، چینی خزمەتگوزار...تاد هاتە كایەوە(یانیك لومیل، 2008، ل 54)، واتا ململانێیەكە بوونی هەر ماوە، بەڵام چینەكان گۆران. گۆرانی چینەكانیش شێوازی ململانێیەكانیشی گۆریوە، بۆنموونە (بۆردیۆ) ململانێی چینایەتی لەنێوان دوو چین دەبینێتەوە كە ئەوانیش چینی زاڵبووی رۆشنبیری كە چینی مامۆستایان و كارگێرییەكان دەگرێتەوە، سەرمایەی ئەو چینە ئابووری نییە، رۆشنبیرییە، لەبەرانبەر چینی زاڵبووی ئابووری كە بازرگان و كاسبكاران دەگرێتەوە(یانیك لومیل، 2008، ل 83). هەر چەندە ئێستا باس لە كۆتایی چینەكان، یاخود مەرگی چین دەكرێت، بەتایبەتیش لەلایەن (كلارك و لیبست)هوە، بەهۆیەشەوە باس لە كۆمەڵگەی دوای پیشەسازی و مۆدێرن دەكرێت كە چینی لەخۆ ناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا كۆمەڵگە بێ چینایەتی نابێت، ئەو چینایەتیش لە كۆنەوەو تا ئێستا و داروژیش شێوەیەكی چەسپاو سەقامگیری نابێت و بەپێی گۆرانكارییەكان و دابەشبوونی جوگرافی و هەڵكەوتەی دانیشتوانی، دەگۆرێت. بۆیە دەتوانین ئەو ململانێیە لەنێوان دوو كۆمەڵگەدا دەستنیشان بكەین ئەوانیش كۆمەڵگەی گوندنشینی و كۆمەڵگەی شارنشینن، كە جۆری چینەكانیان بەهۆی بنیادی كۆمەڵایەتیان جیاوازە ، ئەم جیاوازییەش وای كردووە كە ((كۆمەڵگەی خاوێنی كشتوكاڵی دەگۆرێت بۆ كۆمەڵگەی گەورەو بچووكی شار، كە ئەویش بەدەوری خۆی دابەشبوونی نوێی چینایەتی لێكەوتۆتەوە)) ( كریس هارمان،؟: 46) بەهۆیەشەوە ململانێی چینایەتەكانیشان جیاواز دەكەوێتەوە .

### 3.2 ململانێی چینایەتی و رۆمان

پەیوەندی نێوان ململانێی چینایەتی و رۆمان دەمانباتەوە ناو چوارچێوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و كۆمەڵگە، دیارە پەیوەندی نێوان ئەدەب و كۆمەڵگە پەیوەندییەكی چرو پرو تێكەڵە و هەر یەكێكیان كاریگەری لەسەر ئەوی دیكەدا هەیە. یەكێك لە كارو چالاكییەكانی ئەدەبیش بەهەموو فۆرم و ژانرەكانییەوە ئەوەیە كە رەنگدانەوەی پێشكەوتنی بەردەوامی ژیان و كۆمەڵگەیە، چونكە ژیانی مرۆڤ و هزرو سەردەمەكەی هەردەم لە پرۆسەیەكی گۆرانكارییدان هەروەها ئەدەبیش هەر چەندە رەنگدانەوەی حەزو ئارەزووەكانی تاك بێت و ئەزموونێكی بێگەردی خودی ژیانی نووسەرەكەی بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت گۆشەگیر بێت و دوور لە ژیان بوەستێت و لە بەهاكانی سەردەمەكەی خۆیدا دابرێت (د.محمد زكی

العشماوی، 2009: 3). ئەدەبیش ئەو پانتاییە فراوانەیە کە توانای گوزارشتکردنی هەیە لەو ململانێیە چینایەتییە، چونکە (( ململانێی چینایەتی، ململانێی نێوان مرۆڤەکانە، لە ئەدەب ڕەنگی داوەتەوە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، گوزارشت لە ژیانی مرۆڤ دەکات)) (شیلان عوسمان، 2007،ل 49). یەکێك لەو ژانرە سەردەمیانەی ئەدەب کە پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگەو ململانێی چینایەتییەوە هەیە ڕۆمانە، چونکە لەناو خودی کۆمەڵگە لەدایك دەبێت و لەلایەن تاکێك لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕۆماننووسە دێتە بوون و دەنووسرێتەوە، بەدەوری خۆشی هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی پێشکەوتووتر و تاك لە ئاستێکەوە بەرەوە ئاستێکی گەشەسەندووتر ببات، لەراستیدا ڕۆمان پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیانی واقیعی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەوە هەیە و ((ئەوەندەی کاریکی خەیاڵی و ئەندێشەیی نووسەرە زیاتر پابەندی ژیان و واقیعە و دووربەرێز نییە لە کارەسات و ڕووداوە مرۆڤایەتییەکان و وەك چاودێرو ئاگادارێك وایە بەسەر هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵی پاڵەوانیەکانیداو هەمیشە بەگیانێکی زیندووی دوور لە زۆرلێکردن و گیرۆدەبوونەوە پێ بە پێی ڕۆژگارو شوێن و ساتەکان دەڕوا)) ( تەها ئەحمەد رسول، 2009: 47) و جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات کە لەگەڵ جیهانی واقیعدا هاوشان بەڕێوە دەچن، بەمەش ڕۆمان ئەو توانایەی دەبێت کە باس لە چینەکانی کۆمەڵگە بکات کە یەکێکە لەو واقیعەی کۆمەڵگە کە لە ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە. پەیوەستبوونی چین بە ژانرە ئەدەبییەکاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە و چینەکانی کۆمەڵگە کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر واقیعی ئەدەبی هەبووەو خەسڵەت و سیمای بەشێك لە ژانرەکانیان دیاریکردووە. لەم ڕوانگەیەوە (ئەفلاتون 427 پ.ز ـــ 347 پ.ز) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆمار) لەسەر بنچینەی چینایەتییەوە لە کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە (( دەوڵەتی نموونەیی بەپێی ڕای ئەفلاتون لە سێ چین پێکدێت، چینی ئابووری کە لە بازرگان و پیشەکاران پێکدێت، چینی پاسەوانان و چینی پاشاکان)) ( احمد المنیاوی، 2010: 27) لەبەشی ئەدەبیشدا (ئەفلاتون) وەکو چینێك مامەڵەی لەگەڵ شاعیران کردووەو بەهۆی ئەوەی کە کاریگەری خراپ لە سەر ڕەوشتی مرۆڤ دادەنێن مافی ئەوەی پێ نەداون لە کۆمارەکەی بەشدار بن. لەلایەن خۆیەوە (ئەرستۆ384پ.ز ـ 322 پ.ز) ژانرەکانی ئەدەب بەمشێوەیە دابەش دەکات (( ئەوانەی بەرز و سەنگین بوون کەوتنە لاساکردنەوەی کردەوەی بەرز و کاری کەسانی جوامێر و گەڕناس. کەچی ئەوانەی پەست و نزم بوون لەبارەی کەسانی نزمتری ئەم ژیانەیان نووسی، بەم چەشنە، جۆرێکیان ویردی ئاییینی و پیاهەڵدانیان نووسی و ئەوانی تر دەستیان بە نووسینی توانج و داشۆرین کرد)) ( ئەرستۆ، 2004: 22)، بەمشێوەیە ژانرەکانی ئەدەب بوونە زمانحاڵ و بەرهەمی چینەکانی کۆمەڵگە، تراژیدیا بووە بەرهەمی چینی بەرز و دەسەلاتدار و دەوڵەمەندەکان و کۆمیدیاش بووە بەرهەمی چینی هەژار و خوارەوەی کۆمەڵگە. بەمشێوەیە چینەکانی کۆمەڵگە کاریگەری گەورەیان لەسەر سەرهەڵدان و بەردەوامی ژانرەکانی ئەدەبدا هەبووە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر سەیری ژانرێکی وەکو ڕۆمان بکەین، ئەوا جیا لەوەی کە پانتایەکی فراوان و گەورەی هەیە بۆ ڕەنگدانەوە و باسکردنی ململانێی چینەکانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕی سەرهەڵدانی لەلایەن گەلێك لە لێکۆڵەرەکانەوە بۆ خودی سەرهەڵدانی چینەکان گەڕێندراوەتەوە، لەمبارەیەوە (ئەیان وات1917-1999) سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمان بە سەرهەڵدانی چینێکی نوێ لە کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەبەستێتەوە کە ئەویش چینی ناوەڕاستە (( ڕۆمان لە سەدەی هەژدەدا لەگەڵ توانای ئابووری ئەوانەی چووبوونە پاڵ جەماوەری خوێنەر لە چینی ناوەڕاست دەگونجا)) ( ایان واگ، 2008: 46) و ئەمەش وای کرد کە ڕۆمان لەگەڵ ئەو چینەدا سەرهەڵبدات. (هیگڵ 1770-1831)باس لە ڕۆمانی سوارچاکی دەکات کە وەکو بنەما و بناغەی ژانری ڕۆمان هەژماردەکرێ، پێیوایە ئەو جۆرە ڕۆمانە گوزارشت لە قۆناغی چینی دەرەبەگایەتی دەکات، کاتێکیش چینی دەرەبەگایەتی بەرەو نەمان چووە، چینێکی دیکە هاتۆتەکایەوە، گاڵتەی بە بەهاکانی سوارچاکی هاتووە( عەلی عوسمان یاقووب، 2019: 26). هیگڵ هەر لەبارەی سەرهەڵدانی هونەری ڕۆمان پەیوەستی بە داستان دەکات و پێیوایە کە (( ڕۆمان داستانێکی نوێی بۆرژوازییە و کەلێنی نێوان مرۆڤ و جیهان دەخاتەڕوو وادادەنێت کە ڕاستییەکە بووە بە پەخشان)) (د.سید البحراوی، 1992: 24). بەمشێوەیە ڕۆمان پەیوەست بە سەرهەڵدانی چینێکی دیاریکراو دەکات کە ئەویش (چینی بۆرژوازییە). لەلایەن خۆیەوە (جۆرج لۆکاش 1885-1971) بەسوودوەرگرتن لە بیری ماتریالیزمی (مارکس)هوە لە ڕۆمانی کۆڵییەوە (( لۆکاش لە ڕوانگەی ململانێی چینایەتییەوە سەرهەڵدانی ڕۆمانی ڕوون کردەوە ، بەپێی بۆچوونی جۆرج لۆکاش، دەرکەوتنی ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبیی گرنگ، بەندبووە بە دەرکەوتنی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەوە)) ( عەلی عوسمان یاقووب، 2019: 44). (لۆکاش) پێیوایە هەر سەردەمێك گوزارشت لە چینێکی دیاریکراو دەکات، بۆیە ڕۆمانی هاوچەرخ کە گوزارشت لە ململانێیە ئایدۆلۆژییەکانی بۆرژوازی دەکات، لەسەر داروبەردی

داروخاوی چینی دەربەگەیاتی هاتۆتەکایەوە. لەم چوارچێوەیەشـــدا ڕۆمان لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوو چینی دیاریکراو کە بریتی بوون لەو چینەی کە بەهای ســوارچاکی هێنابووە ئارا، لەگەڵ چینی بۆرژوازی، ئەو ململانێیەش شـــێوازێکی تایبەتی بۆ ڕۆمان هێنایەکایەوە و بووە زمانحاڵی ســـەردەمەکەی بەشـــێوەیەك کە پرەنســـیپە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکانی ئەو ســـەردەمە، بەشێوازێکی واقیعی لەو ڕۆمانانەدا بەرجەستە کران (جورج لوکاش، : 43-48). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی پێویســـتی بەوە هەیە لە ئەدەبدا فۆرمێکی دیاریکراوی هەبێت تا گوزارشـــت لەخۆی بکات، بەلای (لۆکاش)هوە لەبەر ئەوەی هەموو چینێك داســـتانی خۆی هەیە، بۆیە ڕۆمان داســـتانی چینی بۆرژوازییە، چونکە بەلای ئەوە داستان ناتوانێ لەگەڵ شـێوەو شـــێوازی ژیانی هاوچەرخ بگونجێت، بۆیە ڕۆمان گوزارشـــت لە چینی بۆرژوا دەکات و لەرێگەی ڕۆمانەوە وێنەیەکی گشتگیری ژیان و شێوازی پێوەندییەکان و ململانێیـەکانی ئـەو چینـە لەگـەڵ چینـەکانی دیکـەی کۆمـەڵگـە دەخاتـەڕوو. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە (میخائیل باختین1895-1975) ڕۆمان بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوەو ((دەریدەخات کە زادەی چین و توێژەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەیە، نەك دروســـتکراوی چینی بۆرژوا، بۆیە کاتێك دەرکەوت، بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی کاری لەســـەر کارەکتەرە میللییەکان کرد، ئەوانەی لە خوارووی چینی مامناوەندی کۆمەڵگەوە بوون)) ( عەلی عوســـمان یاقووب، 2019: 48) لەلایەکی دیکەشـــەوە (باختین) جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆمان پەیوەســـت نییە بە چینی بۆرژوازییەوە، لەم ڕووەوە پێیوایە کە یەکێك لەو خاڵانەی ڕۆمانی لە داســـتان و بۆرژاوزیـەت جوداکردەوە، لێکترازانی زمانە ناوەخۆیی و هەرێمایەتییـەکان بوو لە زمانی یۆنانی. ئەو پێیوایە ڕۆمـان زمانێکی بەرزی وەکو داســتانی نییەو لە ئاســتی زمانی بۆرژوازییەتیش نییە، بەڵکو ئەنجامی بەشـــداربوونی چین و توێژەکانە کە لەخوارەوەی کۆمەڵگەن.بەمجۆرەش ڕۆمان لەئەنجامی هاتنەئارای کارەکتەرە تازە پێگەیشـــتووەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دەرکەوت،( حەننا عەبود، 2010، ل 46-49). بەمشـــێوەیە ڕۆمان نەك هەر ڕێگایەك بوو بۆ گوزارشتکردن لە ململانێی چینایەتی و زمانحاڵی چینەکان،بەڵکو خۆشی وەکو ژانرێك لە ئەنجامی ململانێی ئەو چینانەی کۆمەڵگە هاتەئاراوەو پێگەی خۆی چەسپاند .

**3. بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی لە ڕۆمانەکاندا**

ڕۆمانی کوردی بەو پێیەی کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی دەنوێنێت، یەکێك لەو کێشـــەو گرفتانەی کە کرێچنی ڕووداوەکانیان پێکهێناوەو ڕەهەندی کارەکتەرەکانیان تێدا بەدیارخراوە، ململانێی چینایەتییە، بەتایبـەتیش لە قۆناغی پێش ڕاپەرینی 1991دا ، کەماوەی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەی لەخۆ گرتووە ، بەم پێیە کۆمـەڵگـەی کوردی لەم مـاوەیـەدا لە چوارچێوەی دوو ململانێی دژواردا قـەتیس بووە، کە ئەوانیش ململانێییەکی دێرینی نێوان چینی دەرەبـەگ و چینی ڕەش و ڕووت و جوتیارە، کە ئەو ململانێیە زیاتر وابەســـتـەیە بە کۆمەڵگەی گوندنشـینی کوردییەوەو بەهۆیەوە بەشـێکی زۆر لە تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و ســـیـاسی و ئـابوری خـەڵـك پێکـدەهێنێـت، ململانێی دووەمیش بـەهۆی گەشـەسـەندنی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان هاتەکایەوە کە لە ئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی نیمچە شـارسـتانی دروسـت بوو، بەمەش چینی بۆرژوازی کورد پێکهات و گەشـــەی کرد و لەگەڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە کەوتە ململانێیەکی دژوارەوە. ئەو واقیعەی کۆمەڵگەی کوردی بووەتە تەوەری بەشـــێکی زۆر لە ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانوس نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی بابەتێکی وا هەســـتیار نەدات و لایەنگیری خۆی بۆ بەشـێك لەو چینانەی کۆمەڵگەکەی دەرنەبڕێت و ئاســـتی زوڵم و زۆرداری و ناحەقی لەململانێی چینیایەتی وێنەبکات و هێڵی گشـــتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی لەســـەر بنیات بنێت. بۆیە ڕۆمانی کوردی سوودێکی زۆری لە ململانێی چینایەتی ناو کۆمەڵگەکەی وەرگرتووەو وردەکاری ئەو ململانێیە لەهەموو ڕووەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی لەناو ڕۆمانەکەدا ڕوون کراوەتەوە. بەهۆی ئەمەشـــەوە هەڵوێســـتی ڕۆمانوســـەکان و ئایدۆلۆژیای هزری و ســـیاســـیان بەلای خوێنەر و ڕەخنەگرانەوە دیارکەوتووەو لەهەمانکاتیشـــدا ڕۆمانوس وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگەکەی بەهۆی دەقەکەیەوە بەشـــدارییەکی کارای لە چارەســـەرکردنی کێشـــەو گرفتەکان و ئاســـەوارەکانی ئەو ململانێیە چینایەتییەی خســـتۆتەڕوو. لێرەدا ئاماژە بۆ جۆرەکانی ئەو ململانێیە چینایەتییە لەناو دەقی ڕۆمانەکاندا دەکەین :

**1.3 ململانێی چینایەتی لە گوند**

ئەو ململانێیە چینایەتییە زیاتر وابەســـتەی قۆناغی دەرەبەگایەتییە کە لە گوند زیاتر خۆی لە ململانێی چینی ڕەش و ڕووت لەبەرانبەر چینی ئاغا و دەرەبەگ کە خاوەن دەســـەڵاتن دەبینێتەوە، بەشـــێوەیەك ئەو چینە خاوەنی هۆکارەکانی

بەرهەمهێنان بوون کە زەوی و ئامرازەکانی کێڵان و ..تاد، بەڵام هێزی کار کە هێزی بەرهەمهێنان بوو لەجوتیار وەردەگیرا و لەلایەن دەربەگەکانەوە بەزەبری هێز بەکاردەهێنران و جوتیار لەپاداشتی ئەم هێزو توانا زۆرەی بەرهەمهێناندا تەنیا بەشێکی کەمیان وەردەگرت، لەمەشدا زاڵبوونی دەرەبەگ بوو کە هیچ دادەوەرییەکی تێدا نەبوو، ئەمەش وای دەکرد جوتیار هەمیشە بۆ مافی خۆی خەبات بکات، کە زۆر جار ئەو ململانێیە توندوتیژی بەخۆیەوە دەبینی.

لەمبارەیەوە رۆمانی (پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی) یەکێکە لەو رۆمانانەی بە ململانێی چینایەتی دەست پێ دەکات و رووداوەکەی بە کێشەی نێوان ئاغا و جوتیار کە کێشەیەکی دێرینی کۆمەڵگەی کوردی بووە چنراوە. ئەو ململانێیەی رەنگدانەوەی کێشەو ئارێشەکانی کۆمەڵگەی گوندنشینی و کشتوکاڵی لەخۆ دەگرێت و نمایش دەکرێت. لەم رۆمانەدا لە رەفتارو هەڵوێستەکانی هەریەك لە (قەرەنی ئاغا) و ( (مینە ئاغا) ئەو رۆڵە دەگێڕن و لەبەرامبەریشدا چینی رەش و رووتی کۆمەڵگە کە زۆرینە پێکدەهێنن لە ماڵباتی (کاك مامەند)ی جوتیاردا خۆی دەنوێنێت. ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەر لە سەرەتاوە هاوشان لەگەڵ ململانێی چینایەتی رێ دەگرێت، هەر چەندە رۆمانوس بە ئاشکرا باسی ئایدۆلۆژی چەپگەرایی نەکردووە، وەلێ لە تەواوی تێزو دەربڕینەکانیدا رێرەوی هزری خۆی کە بیری سۆسیالیستییە دەربڕیووە و ئەمەشی لە گەلێك دیمەندا بەدی دەکرێت. ئەو بارودۆخە نالەبارەی خێزانێکی جوتیار کە هیچ شتێك لەناو ماڵەکەیدا شك نابات و ناتوانێت پاروەنانێك بۆ منداڵەکان دابین بکات لەرۆمانەکەدا بەجوانی وێنای کراوە، بێگومان بۆ ئەوەی لەو هەژاریی و دەستکورتییەی رزگاریان بێت، پەنا بۆ شۆڕش و توندوتیژی و راپەڕین دەبەن.

ئەو ململانێیە چینایەتییە لەلایەن رۆماننووسەوە بە چەند رێگەیەکەوە خراوەتە ڕوو، یەکێکیان لەرێگای بەراوردکردنی حاڵەتی ئابووری و بژێوی خێزانەکانە. دیارە کە بنەماڵەی ئاغا لە خۆشگوزەرانییەکی بێ وێنە ژیاون، تەنیا بە وەسفکردنی دیوەخانی ئاغا ئاشنای خۆشگوزەرانیان دەبین (( دیوەخانی ئاغا بە فەرش و مافوورەی گەورەو جوان داخراوە، لەنێو دیوەخانەکەدا چوار کۆڵەکە هەیە کە هەر کۆڵەکەیەکی چەند سەنیری پێوە هەڵپەسێراوە و دۆشەگێکی چکۆڵەی لێ راخراوە، لە قوژبنێکی دیوەخانەکە رادیۆیەکی بەتری وەبەرچاو دەکەوێت.)) (پێشمەرگە،2008: 27). لەبەرامبەریشدا بارودۆخی و حاڵی دانیشتوانی گوند و بەتایبەتیش جوتیاران لەوپەڕی خراپیدایە (( ئێستا دە چلەی ئەو زستانە سەختەدا ، کاك مامەند دەبیری ئەوەدایە کە پارووەو نانێك بۆ منداڵەکانی وە دەست بهێنێ)) (پێشمەرگە،2008: 21) . ئەم ململانێیە چینایەتییە سەرلەبەری و پانتایی رووداوەکە پێکدێنێت و رۆمانوس سەرەتا وردەکاری ئەو ململانێیەمان بۆ دەخاتەڕوو و لەوێوە روو لە باسکردنی ململانێیە نەتەوەیی و سیاسییەکانەوە دەکات و رەوش و بارودۆخی تەواوی کۆمەڵگەمان پیشان دەدات. بەو واتایەی گرێچنی رووداوەکانی ئەو رۆمانە ململانێی چینایەتییەو بووە بە دەروازەو بناغە بۆ رووداوەکانی دیکەی رووبەرووبوونەوەی دوژمن و خەبات و تێکۆشان بۆ رزگارکردنی نیشتمان. لەو ململانێیەدا هەر چەندە دەوڵەت بە تەواوی دامودەزگاکانییەوە لە پشت چینی ئاغاکاندا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا میللەت بە خەبات و تێکۆشانی بەسەر ئاغاکاندا سەر دەکەون و (مینە ئاغا) کە سەرەڕای خۆفرۆشی دەستدرێژی ناموسیشی لە خۆشەویستەکەی (پیرۆت) و خۆشکی (شێرکۆ) کردو بەپلانێکی تۆکمەوە کەوتە دەستیان و لەهەمان شوێنی تاوان تۆڵەیان لێکردەوە و لە دواجاردا بەتەواوەتی دەسەڵاتیان بەسەر گوندەکاندا دەگرن . بەرجەستەکردنی ئەو ململانێیە چینایەتییەو کردنی بە بەردی بناغەی دەقەکەی و هەڵچنانی رووداوەکەی، بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ململانێی چینایەتی لە گوندەکانی کوردستاندا زەقتر خۆی نواندەوە وەك لە شارەکاندا و هەر چەندە ئەو جیاوازییە چینایەتییە لە شارەکانیشدا بوونی هەبووە و هەمیشە چینێکی خانەدان و چینی هەژاران تانوپۆی شارەکانیان پێکهێناوە، بەڵام وەکو دیارە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی گوندنشینی و کشتوکاڵی بووەو پێکهاتەیەکی سادەی هەبووە، لەبەر ئەوەش ململانێی چینایەتییەکە زەقتر و بەرچاوتر بووە. سەرەڕای ئەمانەش رۆماننوس لەو گۆشەنیگایەی کە پشتگیری لە چینی هەژار و لێقەومان دەکات رووداوەکانی بە لەناوچوونی چینی سەرەوە و ئاغاکان کۆتایی پێهێناوە .

لەرۆمانی (کوێخا سێوێ)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی گوندنشینی و کشتوکاڵیدا دەخرێتەڕوو، رووکارەکانی هەڵسوکەوتی ئاغا و کاریگەرییەکانی ژیانی هەژاری و برسێتی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە پیشان . وردەکاری ئەو دووبەرەکی و ململانێیەش زیاتر لە کاریگەرییەکانی نەبوونی و برسێتی چینی هەژاردا خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەو ململانێیە لەچوارچێوەی دووانەی (هەژار و دەوڵەمەند) نمایشکراوە. ئەوەتا لە دیمەنێکدا (مام ئۆمەر) کە کارەکتەری سەرەکیی دەقە لە مەنەلۆژێکدا ژیان و گوزەرانی ئەو چینەی خوارەوە کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش کە نەبوونی و نەهات رووی لەناوچەی قەراج کە شوێنی سەرەکی رووداوەکانە، کردبوو. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیان و مانەوەی ئەو چینە بەجێ هێشتبوو (( مام ئۆمەر لەبەر

خۆیەوە دوا: ـــ نەهات لەخەڵکی قەراج بووە سێ ساڵ، ئەوانەی بەجوتە نەهات دەرنەپەڕین و مانەوە، وەك ئێمە داماڵران، چیان لە دەست نەما تا زەوی یەکانیان پێ تۆ بکەن. هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو :ــ هیی ی.... هیی ی.... تۆکردنی چی.. لەبەر برسێتی چما خەڵك ئاگای لە تۆکردن مابوو...!؟ چەند کەس کچی خۆی بۆ باراشێك دەقەبەڵ ماڵە ئاغا و دەوڵەمەندەکان کرد)) (کوێخا سێوێ،1986: 5) لێرەدا ژیان و گوزەرانی ماڵە ئاغا و دەوڵەمەندەکان پیشان دراوە کە لەوپەڕی خۆشگوزەرانی بوونەو خەڵکیش لەوپەڕی نەهامەتییەوە پەنای بۆ ئەوە بردووە کچەکانی خۆیان بەوان بدەن لەپێناو دابینکردنی خواردن و خۆراك. ئەمەش ئەوپەڕی نەبوونی و نەهامەتی چینی خوارەوە پیشان دەدات، لەهەمانکاتیشدا خراپی و بێ ویژدانی چینی سەرەوە لە ئاغا و ماڵە دەوڵەمەندەکان پیشان دەدات کە هیچ پاکیان بە ژیانی خەڵکییەوە نەبووەو هەمیشە لەسەر رابواردن و خۆشگوزەرانی خۆیان بەردەوام بوونە. ئەو حاڵەتی ململانێیە زیاتر روون دەبێتەوە، کاتێك بەهۆی ئەو نەبوونی و نەهاتییەوە، خانەوادەی (مام ئۆمەر) سەری خۆیان هەڵدەگرن و لە گوندێکی دیکە دەبنە رەنجبەری ماڵە دەوڵەمەندێك. سەرەڕای هەژار و نەبوونی و برسێتیان، کەچی کارێکی قورسیشان پێ دەکردن و لەبەرامبەریشدا دەستەحەقێکی کەمیان وەردەگرت و ژیانێکی مەمری و مەژییان پێ دەبردە سەر. لەمەشدا ململانێیەکی چینایەتی لە نێوان دوو چینی کۆمەڵگە چینی رەنجبەر و هەژار و چینی دەوڵەمەند دەبینین،کە زوڵم و زۆرداریی چینە دەوڵەمەندەکە سنوورەکانی تێپەڕاندووەو بێ ویژدانییەکی گەورەی لێوە دیارە لەبەرامبەر خانەوادەکەی کە سەرەڕای ئەوەی کارەکانیان بۆ رادەپەڕێنن، کەچی مایەی ئەو کارەکردنەشیان پێ نادەن، بەو واتایەی سوود لەبازووی ئەوان وەردەگرن، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو حەقەی کە پێویستە لەبەرانبەریدا بیدەن، پێیان نادەن، بەڵکو ئەو وەکو کۆیلەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی هەڵیانسوورێنێت، کاتێکیش هەست دەکات ئەمەی بۆ ناچێتەسەر هەڕەشەی دەرکردنیان لێ دەکات . لە شوێنێکی دیکەدا رۆماننوس وێنەیەکی جیاوازی چینایەتیمان پێشکەش دەکات، ئەویش پیشاندانی کاری رەنجبەرییە، لەهەماتکاتیشدا لەتەك ئەو کارە قورسەدا حاجی و دەستوپێوەندەکانی ئاغا لەبەرانبەریان وەستاون (( جۆخینە جۆیەکەیان کوتاو بە بایان کرد.. کاودانیان لەیەك هەڵاویرد.. چوار سەپانەکە و چواری تریش بەدەستەوا لەدەوروپشت هاتن. دەستیان دایە تەشت و بێژینگ و ملیان لەبەر رەوسەکە نا. حاجی و گزیری ئاغاش راوەستا بوون)) (کوێخا سێوێ،1986: 135)، لێرەدا رەنج و قوربانیدانی چینی رەنجبەر و جوتیار خراوەتەڕوو لەبەرانبەریشدا خاوەن زەوی و دەوڵەمەند و ئاغاش کە هیچ کارێك ناکەن و بەربوومەکەش زیاتر بۆ ئەوانە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانەی کە زۆرترین کار دەکەن و ماندوو و هیلاك دەبن، لەبەرانبەردا بڕێکی کەم لەو بەروبوومەیان پێدەدرێت. ئەوەتا ئاغا بێ ئەوەی هیچ کارێك بکات، بەشی خۆی لەو بەرووبومەی بۆ ئامادە دەکرێت و بۆشی رەوانە دەکرێت، ئەمەش نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە پیشان دەدات. لەبەر ئەوەش دەبینین کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە کە (کوێخا سێوێ)یە پاش ئەوەی لە هەژاری ونەبوونی رزگاریان دەبێت و دەگەڕێنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان، لەسەر ئەو زوڵم وزۆرداریی ئاغاکان رووبەڕوویان دەبێتەوە، کاتێك دەبینێت لەسەر زەوییەکەی جوتیارێك زەوییەکی تۆ دەکات، بێگومان ئەو رووبەڕووبوونەوەی ئاغا بوێرییەکی دەوێت، بەتایبەتیش کە ئافرەتێك ئەو کارە ئەنجام بدات، چونکە ئاغا بەهیچ شێوەیەك ئەوە قبوڵ ناکات کەسانێك پەیدا ببن لە دژی دەسەڵاتەکەی ئەو بوەستن و لێی یاخی ببن. سەرەڕای ئەمەش کاتێك (کوێخا سێوێ) تفەنگەکەی ئاراستەی جوتیارەکە دەکات و لە زەوییەکەی خۆی دەری دەکات، پەیامێکی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەش بۆ ئاغا ڕەوانە دەکات. دواتر (کوێخا سێوێ) هۆکارەکانی ئەو بەگژداچوون و یاخیبوونەی لە ئاغا روون دەکاتەوە، کە ئاغا خۆی ویستوویەتی بەهەر شێوەیەك بێت زەوییەکەی داگیر بکات و لەمەشدا کاردەبەستانی دەسەڵات پشتگیری دەکەن و ئەویش بە بەرتیل و دەم چەورکردنەوە هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، ئەمەش مەترسییەکانی (کوێخا سێوێ) زیاتر دەکات، لێرەشدا رووی راستەقینەی دەسەڵات بەدیار دەکەوێت لەپشتگیریکردنی ئاغا و دەرەبەگەکان و ئەوانیش دەیان ریگەی نایاسایان گرتۆتەبەر بۆ کڕینەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت، لەبەر ئەمە هۆکارانەشە (کوێخا سێوێ) بڕیاری ئەوە دەدات بەدەستی خۆی زەوییەکەی وەربگرێتەوە و دژیان بوەستێتەوە. رۆماننوس ئەم وێنەیە لە جیاوازی چینایەتی و زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان، لەهەمانکاتیشدا هەڵسوکەوت و رەفتاریان لەکاتێکدا کارێکیان دەبێت، بەتەواوەتی دەنەخشێنێت، کاتێك لەرێگەی ئامۆژگارییەکانی (مام ئۆمەر) بۆ (کوێخا سێوێ)وە سروشتی هەڵسوکەوت و رفتارو بیروڕایەکانی ئەو چینەی پێدەڵێت :((حورمێ نەکەیت قەت گیرەت لە گیرەی زۆرداران بئاڵێت. هەرچی هەستی ویژدان و بەزەیی یە لەلایان چنگ ناکەوێت. دڵیان بەردە زوورگە هەرگیز نزاو ئاوڕدانەوە کاریان تێ

ناکا. دڕندەنە دۆست و خزماتی نازانن. هەر هەندە هەڵیان بۆ هەڵکەوێت بستێك لەسەرت باز نادەن وەك مار پێت وەدەدەن. کەچی ڕەنگ نی یە پێویستیەکیان پێت بێت. مێچکە مێچکەیەکت لەبەر دەکەن کە هیچ گزیر و خوبزەیەك بەرامبەر گەورەکانیان ناکەن)) (کوێخا سیوێ،1986: 162). بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕۆمانەدا ململانێیە چینایەتییەکە لە ڕێگەی دووانەی (هەژاری و دەوڵەمەندی و خاوەن موڵك) ڕەنگریژکراوەو کەمتر باس لە ئاغا و دەرەبەگ و زوڵم و زۆردارییەکانیان کراوە.

لەرۆمانی (نازە)ی (ئیسماعیل ڕۆژبەیانی)دا ململانێی چینایەتی لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا بایەخی پێدراوەو بەهۆیەوە بەشێك لە ڕەهەند و لایەنەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش کۆمەڵگەی گوندنشینی خراوەتەڕوو. ڕۆمانووس هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی بەو ململانێیە لە چوارچێوە جیهانییەکەدا داوەو پەنجەی خستۆتە سەر ململانێیەکانی جیهانی سۆشیالیستی و جیهانی سەرمایەداری، ئەمەش لە گۆشەنیگای شۆڕشە سەرکەوتووەکەی وڵاتی (ڤێتنام)هوە. ڕۆماننوس هەوڵیداوە لەم ڕێگەیەوە خەباتی چینایەتی ناو کۆمەڵگەکەی پەیوەست بکات بە خەباتی نێونەتەوەیی و جیهانی چینی چەوساوە، بۆیە ئاماژە دان بەم مەسەلەیە لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو دوژمنێکی چینی چەوساوە لە هەر کوێی جیهاندا بێت، جیاوازییەکیان نییە و خەباتی هەمووان بۆ ئازادی و ئاشتییە. ئەو ململانێیە چینایەتییە زیاتر لە بەشەکانی کۆتایی دەقەکەدا جێگیرکراون و کاتێك بەدیار دەکەوێت کە کارەکتەری سەرەکی (ئازاد) بە تەکنیکی فلاش باك دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی خۆی و ناو گوندەکەیانەوە و سەرگوزشتەی ژیانی پڕ لە ئازاری خۆی دەخاتەڕوو و ئاماژە بە حاڵی خۆیان دەکات کە خانەوادەیەکی جووتیار و هەژاربوونەو خاوەنی هیچ زەوی و زارێك نەبوونە، چونکە هەموو زەوی زارەکان لەلایەن ئاغاوە دەستی بەسەرداگیراوە، سەرەڕای ئەم زوڵم و زۆرەی ئاغاش، کەچی لێرەو لەوێ بیری بەرپەچدانەوەی ئەو سیستەمەو دەسەڵاتی زۆرداری پەرەی دەسەند، هەر وەکو ڕۆماننوس ئاماژەی بۆ یەکێك لەو هەوڵانە کردووە، کاتێك (ئازاد) لەگەڵ (عەلی) کە پێکەوە قوتابی بوونە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن باس لەوە کراوە وەکو توێژی قوتابیان دژی ئاغا و دەرەبەگ بوستنەوە و خەبات بکەن بۆ ڕزگاربوون ((کاکە ئێمە قوتابی دەبێت هەڵگری مەشخەڵی ئازادی بین، دەبێت هەوڵ بدەین ئەم گەلە ڕەش و ڕووتە، وریا بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕەگی داگیرکەر و دەرەبەگایەتی لەناو بەرین. تۆ ئێستا بزانە باوکت و ئەوانەی وەکو ئەون چۆن ساڵ دوانزدەی مانگ ڕەنج ئەدەن، بەری ڕەنج دانەکەیانیش (ئاغا) دێیەکە دەیخوات)) (نازە،1981 : 96)، دیارە ئەم جۆرە بیروبۆچوونە لەناو توێژی قوتابیان تەشەنەی دەسەند و بەمەش ململانێیەکە چینایەتییەکە بەرەوە توند بوون دەچوو، بەتایبەتیش کە دەسەڵاتیش لە پشتی ئاغا و دەرەبەگەکان دابوو و دژی ئەو جووڵانەوەی قوتابیان بوو. ئەو ململانێیە چینایەتییە کاتێك دەگاتە ترۆپك کە ئاغا بۆ گەلەوەرزی جۆماڵکردنەکەی خەڵکی ئاوایی کۆدەکاتەوە و بەزۆر کارایان پێ دەکات. لەو کاتەدا جۆرێك لە یاخیبوون و نارەزایی پیشان دەدرێت و تەنانەت لە پیاوانی ئاغاش دەدرێت، بێگومان ئەم جۆرە کارانە لەکۆمەڵگەیەکی گوندنشینی نەریتگەرای داخراودا باجەکەی زۆر قورس دەبێت، ئەوەتا ئاغاش تەواو لێیان تووڕە بووەو بەدوایاندا دەنێرێت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەوان بەتەواوەتی دژی ئاغا قسە دەکەن ویاخی دەبن و بە ئاشکرا دژایەتی ئاغا دەردەبڕن، ئەم بەگژداچوونەوەیە بەشێوەیەك بوو کە هەرگیز ئاغا ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرد و هەر بۆیە یەکڕاست ئەوانی لە گوند دەرکرد. بێگومان ئەو ململانێیە چینایەتییە لەو پەڕی توندبوونیدا لەلایەن ڕۆماننوس وێناکراوەو لەگەڵیشدا زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ نیشان دراوە کە لەو خەڵکە خێر نەدیوەی کردووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بە پەرەسەندنێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ و ڕزگاربوونی چینی چەوساوە لە زوڵم و زۆردارییەکانی، لەهەمانکاتیشدا وێنای ئەو ململانێیە چینایەتییە دەکات لەو سەردەمەی کۆمەڵگەی گوندنیشینیدا کە دەکرێت بڵێین هەنگاوی یەکەم لە دەربازبوون لە کۆمەڵگەی نەریتگەرا و داخراو بۆ کۆمەڵگەی کراوەو وەرچەرخاو بەرەو گۆڕانکاری و پێشکەوتن .

لەرۆمانی (کۆچی سوور)ی ( حەمە کەریم عارف)دا ململانێی چینایەتی بەشێوەیەکی دیکە ئاماژەی بۆ کراوە و لە چوارچێوە تیۆرییەکەیەوە ڕۆماننوس شیکردنەوە و لێکدانەوەی لەسەر واقیعی کۆمەڵگەکەی بۆ کردووە. کارەکتەری سەرەکی کە (مستۆ)یە کاتێك لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا دایەو بە میوانی لەماڵی (میرزا زادە)یە لە گفتوگۆیەکی نێوانیاندا ئاماژە بە بوونی پێشمەرگە و شۆڕش دەدرێت، لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە ئاماژە بە ململانێی چینایەتی دەدرێت ((خۆشبەختانە شەڕی ڕەوا نزیکە لە شۆڕشەوە، هەوڵی بۆ بدرێ زوو دەگۆڕدرێ بە شۆڕش، خۆ خەڵکانی شۆڕشگێڕمان هەن، بەڵام حەیفێ هێشتا لە چوارچێوەی شۆڕشدا خڕ نەبوونەتەوە، بۆیە دەبێ بزووتنەوەکەمان پرۆلیتاریزە بکرێ، ئاگامان لە بۆرژوا بێ، چونکە بۆرژوا لەهەموو دنیادا هەر سەڵەفێ دووانە و پاشان با دەداتەوە و ترسی شۆڕشی لێدەنیشێت)) (کۆچی سوور،2012 :

125)، ئـەم بیروبۆچوونـە زیاتر چـەپگـەرایـە و لە چوارچێوەی ململانێی چینایەتییەوە لە شۆڕش کۆڵراوەتەوە، دیارە بیروبۆچوونێکی وا پێویستی بە شەن و کەوکردنێکی زیاتر هەیە تاوەکو کەسانی ئاسایی لێی تێبگەن، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی گوندنشینیدا کە زیاتر خەڵکێکی سادەی نەخوێندەواری لێ نیشتەجێیەو ئەگەر خوێندەواریشییان هەبێت، هێشتا دەستیان بەو سەرچاوە هزری و فەلسەفییانە نەگەیشتووەو بۆ ئەوەی لەو مەسەلانە بگەن. لەدیمەنێکی دیکەدا کاتێك باس لە سەرکردەی حزب دەکات و ڕەخنەی توند لەو جۆرە بیرکردنەوە و ڕێکخستنانەی حزب دەدات، ئاماژە بەوەش دەدات کە سەرکردەی حزب کەسێکی دووڕوو و دز و پیاوکوژە، لەبەر ئەوەیە کە بۆرژوایە ودژی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووتە و دووبارە هەمان ئەو مەسەلەیە دەرووژێنێتەوە (( تۆ بابایەکی بۆرژوا سروشت و بیری، بۆرژواش تەنیا پشووی سەڵەفی ـــ دووانی هەیە، پاشان دەداتەوە کەندی، گێر دەگۆڕێ و لە لۆفەی سازشکاریدا (120) قەپات دەکات و بای بای. )) (کۆچی سوور،2012: 142). تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو جۆرە ململانێیە چینایەتییە زیاتر لە چوارچێوەی شۆڕش و ڕەفتارو هەڵوێستەکانی کادیرانی حزبەوە خراوەتەڕوو. بەو واتایەی لە بیروڕایە هزری و فەلسەفییەکانەوە لە ململانێی چینایەتی گۆشەنیگای لێکراوە و ڕاستەوخۆ لە واقیعی کۆمەڵگەوە بەرجەستەنەکراوە. ئەوەی کە خراوەتەڕوو ئەو ململانێیە چینایەتییە کە خودی ڕۆمانوس بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە و لێرەو لەوێ بەشێك لە ئاماژەکانی بە چینی بۆرژوا و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ئەو چینەوە بەستاوەتەوە .

### 2.3 ململانێی چینایەتی لە شار

لە کۆمەڵگای شارنشینیدا ئەو ململانێیە چینایەتییە لەدوای گەشەسەندنی نیمچە بۆرژوازی کە خاوەنی سەرمایەکی زۆرن و بەهۆیەوە توانیویانە جۆری ژیانیان جیاواز بکەن و لەهەمانکاتیشدا بەهۆی هۆکاری بەرهەمهێناوە هێزی کرێکار بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بۆیە هێڵەکانی ململانێی چینایەتی لەشار لە دوو لایەندا خۆیان دەنوێنن، لایەنێکی ململانێی نێوان چینی دەوڵەمەند و چینی هەژارە و لایەنێکی دیکەش ململانێی خاوەن کار و کرێکارە. لەم ڕووەوە لەڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا ململانێی چینایەتی لەچەند نموونەیەکدا خراوەتەڕوو، کە زیاتر لە چوارچێوەی ململانێی نەتەوەییەوە ڕۆمانوس مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو لایەن و ڕەهەندەکانی خستۆتەڕوو. ئەو ململانێیە نەتەوەییە کە تەواوی دەقەکەی گرتۆتەوە و دەسەڵاتی لەسەر ڕۆمانوسیش هەبووەو کاتێك لەباسکردنی مەسەلەی چینایەتیدا لەگۆشەنیگای نەتەوەییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکات. بۆ نموونە کاتێك باس لە پێشمەرگەیەك دەکات بەناوی (حوسێن)، لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە، ئاماژە بە چینەکەی دەکات و بارودخی بنەماڵەکەیان دەخاتەڕوو ((کەس باوەڕی نەدەکرد، کوڕە خواپێداوێکی وەکوو حوسێن، بەناز و نیعمەت بەخێوکراو، تا ئەو کاتەی نەببووە پێشمەرگە، چیا و دەشت و دەری نەبینیبوو، تەنانەت جلی کوردیشی لەبەر نەکردبوو، کەس لەو باوەڕەدا نەبوو، ببێتە ئەم کوڕە)) (تۆڵە،2015 : 109)، بەمە دەردەکەوێت کە (حوسێن) و بنەماڵەکەی لە چینە دەوڵەمەندەکەی کۆمەڵگەن، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو چینە بەهۆی دۆخی ئابووری و بازرگانییەوە کەمتر ڕوو لە چیا دەکەن و دەبوونە پێشمەرگە، چونکە لەو سەردەمەدا بوونە پێشمەرگەی ڕۆڵەکانیان، تەواوی خانەوادەکەی دەخستە مەترسی و قەڵاچۆکردنەوە. هەروەکو چۆن ئەمە کارەش لەگەڵ بنەماڵەکەی (حوسێن)دا کرا. لەبەر ئەمەش زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە لە چینە هەژار و کەم دەرامەتەکە دابوو، ئەم ڕەوشە لەلای (حوسێن) بەتەواوەتی بەسەر بیروهزری ڕەنگی دابوویەوەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو لەناو ئەو چینە هەژار و دەستکورتە زیاتر فێری ئەزموونەکانی ژیان بووە، هەر چەندیشە (حوسێن) لە چینێکی دەوڵەمەندە و لەرووی ماددییەوە هیچ کێشەو گرفتێکیان نەبووە، بەڵام کێشەی ئەو نەبوونی ئازادی و سەربەستییە و ئەو وای کردووە ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئەو سەربەستییە بگرێتە بەر. ئەگەر چی (حوسێن) لەچینە دەوڵەمەندەکەی ناو کۆمەڵگەوە هاتووەتە ناو هێزەکانی پێشمەرگەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی ئەو چینە ڕەنگە هەمان ڕاو بۆچوونی ئەویان نەبێت و تەنانەت ئامادەی ئەوەش نەبن تووشی ناخۆشی و چەرمەسەری و نەهامەتییەکانی ئەو خەبات و تێکۆشانە بن، بەڵکو نموونەی وایان تێدا هەیە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات سوود لە هەموو بارودۆخێك وەربگرێت و لەگەڵیدا خۆی بگونجێنێت. لەم ڕووەو ڕۆمانوس ئاماژە بەو جۆرە حاڵەتانە دەکات و لە وێنەیەکی کۆمیدی تراژیدیدا وردەکارییەکانی دەخرێتەڕوو، لەم ڕووەو یەکێکیان بەنموونە دەهێنێتەوە ((گوایا جارێکیان کابرایەکی خواپێداوی دەست بەکڵاوی خۆ گرتووی بەرواڵەت لەخواترس. لە هۆڵە گەرم و گوڕەکەیدا ـــــ پاش تەواوبوونی کاسێتێکی ڤیدیۆی سێکسی، پەنجەرەی هۆڵەکەی دەکاتەوە تا سەیرێکی دەرێ بکات... نەك تووشی هەڵامەت بێت، بەپەلە دەکشێتەوە دواوە، ڕوو لە خێزانەکەی دەکات و پێی دەڵێت: ـــ (

ئافرەت.. دەزانی ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە! )) (تۆڵە،2015 : 116)، لەم دیمەنەشدا کەسێکی بەرژەوەندیخوازی بێ هەڵوێست بەرچاو دەکەوێت کە هەمیشە لە خەمی خۆی و بە قسە و زوبان لەگەڵ خەباتی نەتەوەکەی دایە. بێگومان قسەش هیچ شتێکی لێ سەوز نابێت. لێرەدا ڕۆماننوس زیاتر جەختی لەسەر جیاوازی چینایەتی شارەکانی کردۆتەوەو لە دووانەی (دەوڵەمەندی خواپێدا و هەژار)دا وێنەکەی چنیوە، ئەو دەوڵەمەند خواپێداوەی کە تەنیا هەلەکان دەقۆزێتەوەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەفتار و هەڵوێست دەنوێنێت، ئەو هەژارانەش کە پالەپەستۆی خەبات و تێکۆشانیان لەسەر شانە و بەهەموو هێزوگوڕێکەوە کار دەکەن بۆ هەڵگرتنی ئەو زوڵم و زۆردارییەو بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری نیشتمانی. ئەوەی لێردا تێبینی دەکەین ئەوەیە کە ئەو ململانێیە چینایەتییە لە کۆمەڵگەی شارنشینییەو زیاتریش لەسۆنگەی خەباتی و ململانێیە سیاسی و نەتەوەییەکەوە دەخرێتەڕوو. بەو واتایەی ئاوڕدانەوە لە وەها ململانێیەکی چینایەتیدا زیاتر لە خزمەتی ململانێیە سیاسی و نەتەوەیەکەدا بووەو ئەرکی ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی لایەن و ڕەهەندەکانی ئەو جۆرە ململانێیە بووە .

لە ڕۆمانی (شار)ی (حوسێن عارف)دا ڕووکارەکانی ململانێی چینایەتی لەناو شاردا خراوەتەڕوو، لەمەشدا جیاوازی چینایەتی ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بەتایبەتیش ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان چینی هەژار و چینی دەوڵەمەندا هەیە. ڕۆماننوس لە ڕێگای باسکردنی بارودۆخی چینی هەژارەوە و جەمسەرێکی ئەو جیاوازییە چینایەتییە بەدیار دەخات و ئاماژە بە جۆری ژیان و بارودۆخیان دەکات، ئەمەش لەڕێگەی خانەوادەکەی (سابیر)ی کارەکتەرەوە دەبێت، کە لەڕێگەی ئەوەوە ڕوناکی دەخاتە سەر ژیان و گوزەرانی هەژارانەوە(( لەئێوارەی ڕۆژێك لەڕۆژانی ساڵی 1942دا زەلامێك بەخۆی و کەرێکەوە کە هەرچی شڕەوپڕەیەکی هەبوو لێی بار کردبوو، لەبەر دەرکەی کۆنە خانوویێکی گەڕەکی سەرشەقامدا ڕاوەستا. دەرگەکە، لەو کاتەوەی ڕۆژ دەبووەوە و دەکرایەوە، ئیتر هەتا دنیا تاریك دەداهاتەوە، داخستن و بگرە پێوەدانیشی بۆ نەدەبوو، چونکە ناو خانووەکە پووره هەنگێك بوو بۆخۆی و پێوەدان و داخستنی دەرگەکە، دەبووە کارێکی بێهوودە)) (شار،2011 : 9)، لە سۆنگەی ڕووداوەکانی ئەو خانووەی (مێمکە حەلیم)ی خاوەن ماڵەوە ڕۆماننوس بارودۆخی چینی هەژار و نەهامەتییەکانیان بەدیار دەخات و پەنجە لەسەر کێشەو گرفتەکانی ئەو چینە دادەنێت. بەتایبەتیش کێشەو گرفتەکانی خانەوادەکەی (سابیر) کە بەهۆیەوە ڕووداوە سەرەکییەکەوە دەقی چنیوە.

ئەم جیاوازییە چینایەتییەی کە لەشاردا هەیە بەتەواوەتی لەو دیمەندا زەق دەبێتەوە کاتێك (سابیر)ی کارەکتەر خێزانەکەی دەمرێت و تەنیا کچەکەی (مریەم) لەدوایدا بەجێ دەمێنێت، کە ئەمەش بووە بەڵایەکی گەورە بەسەریدا بەتایبەتیش کە ئەو لە کارکردندا تەمبەڵ و تەوەزەڵ و توانای ئەوەی نییە بەخێوی بکات، بۆیە بە ماڵە دەوڵەمەندێکی دەسپێرێت. لێرەدا جیاوازییە چینایەتییەکە لەوپەڕیدا بەدیار دەکەوێت و لەڕێگەی پیشاندانی بارودۆخی خانەوادەیەکی هەژاری وەکو (سابیر)دا، شێوەو شێوازی ژیانی هەژاران دەخرێتەڕوو، لەگەڵ ئەویشدا ژیانی دەوڵەمەندانی شاریش پیشان دەدرێت، هەرچەندە ئەو خانەوادەیەی کە (سابیر) کچەکەی خۆیانی پێ سپاردووە، خاوادەیەکی باشن و تەناتەت (گەلاوێژ)ی کچیان کە مامۆستا بوو، دژی ئەم جۆرە کاروکردەوانە بوو ئەو بڕوای بە ژیانێکی یەکسان و دادپەروەر هەبوو، ئەمەش گوزارشت لە کچێکی ڕۆشنبیر دەکات کە هەر چەندە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە، بەڵام پشتگیری و پاڵپشتی هەژارانەو دژی کردەوەی چینەکەی خۆی وەستاوەتەوە. ئەم بەریەککەوتنەی نێوان هەژار و دەوڵەمەندی زیاتر لەو کاتەدا بەر جەستە دەبێت کە (سابیر) بەهۆی دەوڵەمەندییەوە (مریەم)ی کچی بە (دەروێش حەمە کەریم)دەدات، بەمەبەستی ئەوەی لە ژیانی هەژاری و نەهامەتی ڕزگاری ببێت، لێرەشدا ڕۆماننوس زیاتر هەست ونەستەکانی چینە هەژارەکەی خستۆتەڕوو، چونکە خۆشی پاڵپشت و پشتگیریکاری ئەو چینە بووەو هەوڵیشیداوە بەهۆیەوە ڕوخساری نەرێنی چینە دەوڵەمەندەکەو دەسەڵاتیش بەیەکەوە پیشان بدات کە دژی خەڵکی هەژارن و باکیان بە ژیانی ئەوانەوە نییە. ئەم بارودۆخە زادەی حوکمی پاشایەتی بووەو ڕۆماننوسیش لە گەلێك شوێندا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە باسی پاشا دەکات، وەکو ئەوەی سیستەمی پاشایەتی هۆکارێك بێت بۆ ئەو جیاوازییە چینایەتییە و بەکۆتایی هاتنی ئەو سیستەمەش بەهۆی کودەتاو شۆڕشی (14)ی تەممووزەو ئەو بارە کۆتایی پێ بێت .

لەڕۆمانی (کانگەی بەڵا)ی (حسام بەرزنجی)دا وێنای ململانێی چینایەتی لەناو شاردا کراوە، ئەو ململانێیە چینایەتییەی ناو شار خۆی لە پەیوەندییەکانی نێوان چینی بۆرژواو دەوڵەمەند و چینە هەژار و دەست کورتەکە دەبینێتەوە. ڕۆماننوس لەڕێگەی پیشاندانی ژیان و گوزەرانی ژیانی خێزانێکی دەوڵەمەند و بۆرژواو پەیوەندیی و جۆری ژیانیان لەگەڵ چینی هەژاراندا، هەوڵی داوە ئەو ململانێیە چینایەتییە لەناو شاردا بخاتەڕوو، لەم چوارچێوەیەشدا ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە تەرخان کراوە بۆ پیشاندانی ئەم جۆرە ململانێیە، بەو واتایەکی دیکە

ململانێی نێوان چینی دەولەمەند و چینی هەژار بنچینە و بناغەی سەرەکی رووداو پێکدەهێنن. رۆماننوس باسی لە شێوەو شێوازی ژیانی چینی دەوڵەمەند و بۆرژوا دەکات، کە هەڵپەی پارە کۆکردنەوەوەو سەرمایە بووەتە خەمی هەرە سەرەکی و رۆژانەی ئەو چینە، جا بەهەر چ شێواز و رێگایەکەوە بێت. لەم رووەوە رۆماننوس لەرێگەی پیشاندانی ژیان و گوزەرانی خاوادەی (دارا) وە وێنەی ژیانی خاونەوادەیەکی دەوڵەمەند و رایەڵەکانی ئەو چینەی سەرەوەی کۆمەڵگەمان پێ نیشان دەدات، بەتایبەتیش لە بارەی موڵك و ماڵ و داراییەوە. ئەو خانەوادەیە سەرەڕای سەرمایەکی زۆر، خاوەن کارگەی کاشی دروستکردن بوون، بەمەش باری داراییان بەرەو باشتر رۆیشتووە و بەهۆیەوەش خەونی ئەوەیان هەبووە کەلەسەر زاری (دارا)وە ئاماژەی بۆ دەکرێت (( خۆ ئەگەر کار هەروا بەدڵی ئێمە بڕۆییایە، پاش چەند ساڵێك دەبووین بە تاکەکەس کە پێمان بڵێن بۆرژەوای گەورەی شار)) (کانگەی بەلا،1988: 12 ). لەتەك ئەم خەونە بۆرژوازییانەشدا، رۆماننوس سیفاتی سەرمایەدار و نهێنییەکانی دەخاتەڕوو کە یەکێکیان ئەوەیە هەر چەندە پارەدارین، بەڵام زۆربەی لایەنی داراییان بەشاراوەیی دەمێنێتەوە. خاڵێکی دیکە لە سیفاتی ئەو چینە بۆرژواو سەرمایەدارە پەیوەستە بەلایەنی پەروەردەو پێگەیاندنەوە، کە هەر لەزووەوە منداڵەکانیان لەسەر زەنگینی و دەوڵەمەندبوون و لێکدانەوەی لایەنی ئابووری رادەهێنن و مێشکیان بەو مەسەلانە دەشۆنەوە، سەرەڕای ئەمانەش سیفاتێکی دیکەی ئەو چینە کە دەکرێت وەکو نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیش سەیر بکرێت، مەسەلەی بەخیلی پێبردن و چاو تێر نەبوونە، بەتایبەتیش کاتێك کەسانێك لەخۆیان دەوڵەمەندتر بەدی دەکەن. لەراستیدا وێناکردنی ئەو جیاوازییە چینایەتییە لەناو ئەم دەقەدا لە دوو وێنەی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، وێنەی یەکەمیان ململانێیەکی گشتییە لەنێوان چینی دەوڵەمەند و هەژارەکان، وێنەی دووەمیشیان ململانێیەکی تاکە لەنێوان (دارا) وەکو خاوەن کارو (سەرگوڵ) وەکو نوێنەری چینی هەژار و کرێکاران. ململانێیە گشتییەکە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە خانەوادەی (دارا) بیر لەوە دەکەوە خانووێکی گەورەتر بنیاد بنێن. لەم رووەوەش لە شوێنێکی ناو گەڕەگە هەژارنشینەکانەوە پارچە زەوییەك دەکڕن، دیارە لە کڕینی ئەو پارچە زەوییەش چاویان لەدوارۆژی ناوچەکەش کردووە، لەمبارەیەوە باوکی (دارا) دەڵێت: (( من تاقیم کردوە زۆربەی زۆری خانووە قوڕەکانی ئەو بەرمان هیچیان قۆچانیان نیە، گەر خوا دەست بدا لە دوارۆژدا جێ ی ئەم خانوانەی لای چۆلاییەکەش هەمووی بۆ خۆمان دەکڕینەوە))( کانگەی بەلا،1988: 22)، لێرەشدا ئەو سنوورە جیاکەرەوە و فراوانەی نێوان ئەم دوو چینەی شار بەدیار دەکەوێت. کە چینێکیان سەرەڕای ئەوەی خاوەن خانوو وکۆشك و تەلاری خۆیانن، پارەو سەرمایەکی واشیان لەبەر دەستە کە هەر کاتێك بیانەوێت پارچە زەوی دەکڕنەوە و کۆشك و تەلاری لەسەر بنیاد دەنێن. لەبەرانبەریشدا چینە هەژار و دەستکورتەکە سەرەڕای ئەوەی لەناو خانووی قوڕ دەژین، خانووەکانیشان لەرووی یاساییەوە تاپۆ نەکراوەو قۆچانیان نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر دەمێك حکومەت دەتوانێت بە هۆی سەرپێچیکردن و داگیرکردنی زەوی، خانووەکانیان بڕووخێنێت و دەریان بکات. ئەم جیاوازییە ئاستی ژیانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، چونکە ئەوە دەگەیەنێت کە داهاتی ئەم وڵاتە بەیەکسانی دابەش ناکرێت و نادادپەروەری لە دابەشکردنی سامان و دارایی وڵات هەیە و خزمەتگوزارییەکانیش لە ئاستێکی نزمدان، چونکە ئەگەر خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی باش دابن، چینێکی زۆری کۆمەڵگە لەناو خانووی قوڕ ناژیت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە داهات و سامان و دارایی لە دەست چینێکی دیاریکراویش کۆنابێتەوە، بەڵکو هەلی کار بۆ هەموو لایەك دەرەخسێت و هەر کەس بەپێی کار و پیشەکەی خۆی داهات و دەسکەوتی دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارانەشە جیاوازییە چینایەتییەکە هەر لەبواری ئابووریدا قەتیس نەمابوو، بەڵکو پەڕیبووە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە و رق و کینەیەکی بەتین لەنێوانیاندا دروست ببوو. بەمشێوەیە ئەم خانووەیان لەو گەڕەکە دروست کرد، کە ببووە نیشانەیەکی گەورەی جیاکردنەوە نێوان ئەو دوو چینە، ئەم خانووە بەجۆرێك بووە کە وەکو سنوورێکی نێوان دەوڵەمەندی و هەژاری دەستنیشان کردووە، ئەم بارودۆخە جیاوازییەکانیان زۆر فراوان دەکاتەوە تا لە دواجاریشدا ئەم جیاوازییە دەتەقێتەوە، بەتایبەتیش کە کە (خورشید)ی برای و (بیلال)ی هاوبەشیان، بەیەکەوە بەنیازی ئەوەی کارگەیەکی گەورەی لەسەر دروست بکەن ئەو زەوییانەیان کڕیوەتەوە، ئەمەش لەو گفتوگۆیەی نێوان (دارا و خورشید)دا بەدیار دەکەوێت، کەواتە ئەو هەژارانە بەدوو لایەنەوە لێیان قەوماوە، بەلایەکییان لەلایەن (داراغە)هوە فریودراون و پارەیان لەبەرانبەر زەوییەکانیان لێ وەرگیراوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن (خورشید و بیلال)هوە کە هەر ئەو زەوییانەیان لە (داراغە)کڕیوەتەوە. بۆیە ئەو چینە هەژارو لێقەوماوە لە رووبەرووبوونەوە زیاتر هیچ رێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە. ئەم جۆرە رووبەرووبوونەوەیە کە رۆماننوس کێشاویەتی لەلایەکەوە دەرخستنی ئەو زوڵم و زۆردارییە کە لە هەژاران دەکرێت . لەلایەکی دیکەشەوە پاڵپشتی دامودەزگاکانی

حکومەتە لە چینە دەوڵەمەند و بۆرژوا، چونکە حکومەت لەم مەسەلەیەدا بەدوو دیو تاوانبارە، لەدیویکیانەوە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ (داراغە) بکات کە چۆن چۆنی پارەی لەبەرانبەر ئەو زەوییانە وەرگرتووەو بەبێ یاسایی پێیانی فرۆشتووەو درۆی لەگەڵ کردوون، بەو واتایەی لێرەدا حکومەت پشتگیری لەو ریگاو شێوازانەی کەسە دەوڵەمەندو بۆرژوازییەکان دەکات و لەبەرانبەریشدا یاسا لەسەر قوربانییەکان جێبەجێ دەکات. بەدیوێکی دیکەشدا دیسان حکومەت تاوانبارە، چونکە تێکدان و چۆڵکردنی ئەو خانووە قوڕانە ئەگەر لەڕووی یاساییشەوە تەواو بێت، بەڵام خۆ دەبێت وەکو حکومەتیش ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین بکات و وەکو هاوڵاتییەك مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات. ئەم رووبەرووبوونەوەیە رادەی ئەو جیاوازییە چینایەتییەمان لە شار لەنێوان چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار پیشان دەدات، لەهەمانکاتیشدا هەڵوێست و رەفتاری حکومەتیش بەشێوەیەکی ناراستەخۆ دەخاتە بەر تانەی رەخنە و جیاکاری تێڕوانین و پشتگیری کردنی لە چینی دەوڵەمەندەکە نیشان دەدات .

لەململانێیە تاکانەکەشدا، لەرێگای ئەو پەیوەندیی کارکردنەی کە لەنێوان (سەرگوڵ) وەکو کرێکارێك و (دارا) وەکو خاوەن کار، دێتەئاراوە، ئە ململانێیە چینایەتیە لەشێوە گشتییەکەیدا دەچێتە شێوە تاکییەکەی و هەردوو وەکو نوێنەری چینەکانیان رەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان خراوەتەڕوو. بەتایبەتیش کە رۆماننوس ویستوویەتی لەو رێگەیەوە ئاکارو رەوشتی هەر یەك لە ئەندامانی چینەکە دیار بخات. لەبەر ئەمەشە ئەو پەیوەندییە نێوانیان هەر لەچوارچێوەی کاردا دەمێنێتەوە. هەر چەندە (دارا) زۆر هەوڵ دەدات ئەو پەیوندییە بکاتە پەیوەندییەکی خۆشەویستی، بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییە چینایەتییەوە کە جیاوازییەکی هزریی و پەروەردەیشی بەدوادێت، سەرکەوتوو نابێت. بۆیە لەدوو توێی ئەو گفتوگۆیانەی کە دەیکەن، رایەڵەکانی جیاوازی لەنێوانیاندا بەدیار دەکەوێت. لەوانەش کاتێك باس لە خوێندنەوە و رۆشنبیری دەکەن (دارا) وای خۆی پیشان دەدات کە کاتی خۆی خوێندوویەتییەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ئیش و کارەوە لەخوێندن دابڕاوە، کەچی (سەرگوڵ) لە روانگەیەکی چینایەتییەوە ئەو مەسەلەیە شەن و کەو دەکات ((مەڵێ کە کارمان زۆر بوو.. بڵێ کە دەوڵەمەند بووین.... (دوای نەختێ کڕبوون و بیرکردنەوە دیسان کەوتەوە ئاخاوتن): گەلێ کەڵە نووسەرو پیاوی ناودار هەن، دوای ئەوەی زۆریان لەبارەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و کۆمەڵەکەی خۆیان خوێندۆتەوە، بیروڕایان گۆڕاوە....! هەتا خۆشیان لە خڵت و خاری چینە بەرزەکان پاك کردۆتەوە و گەلێك بەرهەم و شاکاری بە پێزیشیان جێ هێشتووە)) (کانگەی بەڵا،1988: 57-58). ئەم دوو جیهانە جیاوازییەی نێوانیان وای کرد ئیدی نەك هەر پەیوەندییەکەیان لەهاوڕێیەتییەوە نەبێتە پەیوەندی خۆشەویستی، بەڵکو بەهۆی رەفتارەکانی (دارا)هوە بەتەواوەتی لەلایەن (سەرگوڵ)هوە رەتکرایەوەو تەنانەت وازی لە کارکردن لە کارگەکەشیان هێنا و بەبڕای بڕ نەهاتەوە .

لەرۆمانی (بوهژین)ی (د.نافع ئاکرەیی)دا ململانێی چینایەتی خۆی لە جیاوازی چینایەتی نێوان چینی دەوڵەمەند و چینی هەژاری دەبینێتەوە، بەتایبەتیش کە لەو رۆمانەدا (سەعید)ی کارەکتەری سەرەکی لە چینی هەژاردایە و لەبنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورتدا دەژیت، دەیەوێت بەهۆی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بەرز هەم ئایندەیەك بۆ خۆی بنیاد بنێت و هەمیش لەو هەژاری و دەستکورتییەی کە بنەماڵەکەی تێیکەوتووە یارمەتیان بدات و رزگاریان بکات. بۆیە هەمیشە تێدەکۆشا نمرەیەکی بەرز بهێنێت و لەخوێندن سەرکەوتوو بێت، هەر لەسەرەتاوەش هەوڵی ئەوەی دەدا بێتە دکتۆر و خزمەتی وڵاتەکەی پێ بکات.ئەو ململانێیە چینایەتییە لەلایەن لەچوونی (سەعید) بۆ ئامادەیی لە شاردا زیاتر لەو کاتەدا پەرەدەسێنێت، لەگەڵ ئەو قوتابیانە بیت، کە لە چینی دەوڵەمەندن، کە وایان دادەنا خوێندن بۆ چینی دەوڵەمەندە، بوونی قوتابییەکی هەژاری وەکو (سەعید) لەناویاندا وای لێکردوون تووشی شۆك بن و پێیان وا بێت کە ئەم کارە سەیرەو سەمەرە بێت، کە کوڕێکی هەژار بتوانێت بخوێنێت .بەڵام پێداگیری (سەعید) و ئیرادەی بەرزی ئەو و کارکردنی لەتەك خوێندنەکەی و دڵسۆزی ئەو بۆ خوێندن و کارکردنەکەی، سەرکەوتنێکی مەزنیان لە هەردوو بواردا پێ بەخشی، لەبواری کارکردندا توانی پشت بەخۆی ببەستێت و دارایی و خەرجی خۆی دابین بکات، لە بواری خوێندنیشدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا و لەناوچەکەی خۆیدا ئەو سەرکەوتنە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. بەشێوەیەك کە خەڵکانێکی زۆر وەکو سەرکەوتنێکی ناوچەکە و شارۆچکەکەیان دەزانی و دەچوونە پیرۆزبایی، لەهەمانکاتیشدا خەڵکانێکی دەوڵەمەند هەبوون ئەو سەرکەوتنەیان پێناخۆش بوو، ئەوان هەر لەروانگەی هەبوون و پارەوە لەخوێندنیان دەڕوانی (( شار یێ بچیکە و **هەمی خەلکی پێ زانی کو ب چاکی (سەعید)ێ دەرچووی ... د رێکا مالدا.. کو** د ناڤ بازێری و د ناڤ دوکانارا چووی گۆە ل گەلەك ئاخفتنا بوو.. پەیڤ وئاخڤتنێت تە ژی سوز و میهرەبانی و دلوڤانی و هیندەکێت دیکە کو ب تیفکل و تەژی واتە و

مانایت تایبەتی بوون... پەیف و ئاخفتن د ئاشكرانە ل دەمێ ژ خوادنێ دەركەڤن د دیاری كا سوز و دلوڤانی تێدایە یان ژی كەرب و دل رەشی د بن دایە.... هندەك دوكاندارا دیار بوو پێ نەخوشبوو ل بەر چێ...؟ چونكە (سەعید) كۆڕەكێ هەژار و بەلەنگازەو ل چین و تەخە كێ نزمە...)) (بوهژین،1989 : 135). لێرەدا جیاوازی چینایەتییەكە رۆڵی خۆی لە دروستبوونی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە دا بینیوە. بەشێوەیەكی گشتی ئەو رۆمانە لەرێگای پیشاندانی ژیانی (سەعید)ی كارەكتەرەوە جیاوازییەكی گەورەی چینایەتی لەنێوان هەژاران و دەوڵەمەندان پیشان دەدات و بەهۆی ئەو كارەكتەرشەوە رووبەرووبوونەوەی چینی دەوڵەمەند نمایش دەكات و پووچی و تەسكی بیروبۆچوونەكانی ئەو چینە و ئیرادە و بەرزی ورەی چینی هەژاران دەخاتەڕوو. ئەو ململانێیەی چینایەتییەی كە دوو توێی ئەو رۆمانەی لەخۆگرتووە، ململانێییەكی توندی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی دەنوێنێت و بە سەركەوتنی چینی هەژار و دۆڕان و پووچی بۆچوونەكانی چینی دەوڵەمەندان كۆتایی دێت .

لەرۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)ی (حوسێن عارف)دا ململانێی چینایەتی لەچوارچێوی جیاوازی چینایەتی لەناو كۆمەڵگەدا شەن و كەو كراوەو بەشێوە گشتییەكەی ورووژێندراوە. لە یەكێك لەو دیمەنانەدا جیاوازییەكی گەورەی چینایەتی لە بوونی خواردن بۆ هەندێك و نەبوونی بۆ هەندێكی دیكەدا خراوەتەڕوو، ئەم خستنەڕووش لە زاری (سەبری) كە كارەكتەری سەرەكی دەقەكەیە باسی لێوە دەكرێت، كاتێك ئەو بەتەنیا دەژیت و دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك برسی دەبێت و لەو رێگەیەوە جیاوازی نێوان تێربوون و برسیبوون دەخاتەڕوو (( تۆ بزانە چەند جۆر زوڵم وزۆر لەسەر ڕووی ئەم زەمینە هەیە، مرۆڤی وا دەبینیت رۆژانە پرش بەسەد گەدەو ریخۆڵەی لێ دەبێتە بەرماوە و فڕێ دەدرێتە سەرەنوێلك. هەشە پارەووە نانێكی خۆی دەست ناكەوێ تا نەیەڵێ ریخۆڵەی لێ ببێتە پەهتك ، ئەمانە دەبێ چ ئازارێكی سامناك بچێژن ؟ من بە بواردنی دوو سێ ژەم ئەوە حاڵم بوو ئەی ئەوانەی دە و بیست و سی دەبوێرن؟ من هەمبوو بچم بخۆم، ئەی ئەوانەی دەستیان بە سەرەنوێلێكیشدا ناگا؟ ئاخۆ چ جۆرە ئێشێكە و لەیەك بینا بەناو سكیان و ئینجا بە سەراپای ئەندامانی لەشیاندا گێژ دەخوا؟ )) (ئەندێشەی مرۆڤێك،2011: 78). لێرەدا جیاوازییەكی گەورەی چینایەتی لەرووی دابینكردنی خۆراك و برسێتییەوە وێناكراوەو بەراوردەكەی خراوەتەڕوو. بەهەمان شێوە لەدیمەنێكی دیكەشدا ئەو جیاوازییە چینایەتییە لەرێگەی خانووی نیشتەجێ بوونەوە دەخرێتەڕوو، كە نادادپەروەرییەك لەڕووی چینایەتی و نادادپەروەری لە دابینكردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بەرچاو دەخرێت و واقیعی كۆمەڵگە لەرووی دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوونەوە پیشان دەدرێت، كە خەڵكانێكی زۆر بە ژمارەیەك لە كەسوكاریشیانەوە لە خانووێكی زۆر بچووك ژیان دەگوزەرێنن. ئەمەش حاڵەتی هەژاری و جیاوازی گەورەی چینایەتی پیشان دەدات. بەشێوەیەكی گشتی ئەو ململانێیە چینایەتییە لەو رۆمانەدا زیاتر لە شێوەی بەراوردكردن هاتۆتە كایەوە، لە بەراوردكردنی چینی دەوڵەمەند و چینی هەژارەوە وێنەكانی سەرچاوەی گرتووە .

**4. ئەنجام**

- رۆمانی كوردی زەمینەیەكی لەباری رەنگدانەوەی وەاقیعی كۆمەڵگەی كوردی رەخساندووەو یەكێك لەو لایەنانەی كە رۆمانی كوردی ئاوڕی لێداوەتەوەو لەنێو رووداوەكانیدا شیكردۆتەوە ململانێی چینایەتییە.
- رۆمانی كوردی كۆمەڵگەی گوندنشینی لە چوارچێوەی ململانێی نێوان هەر دوو چینی دەرەبەگ و چینی هەژار و چەوساوە باس كردووەو وردەكاری رووداو و كەسایەتی و شوێنكات لە سەر بنچینەی ئەو جۆرە ململانێیە بنیادنراوە. بەهۆی ئەمەشەوە ئاسەوار و لێكەوتەكانی ئەو ململانێیە لەسەر تاك و كۆمەڵگەی كوردی خراوەتە بەر باس.
- رۆمانی كوردی كۆمەڵگەی شارنشینی وێناكردووەو ململانێیە چینایەتییەكانی ناو شاری لە هەردوو جۆری ململانێی نێوان چینی بۆرژواو و چینی هەژار و چەوساوەو هەروەها ململانێی نێوان خاوەن كار و كرێكاردا لە دوو توێی رووداو هكانیدا خستۆتەڕوو ، لەم ڕێگایەوە وێنای كۆمەڵگەی كوردی شارنشینی كردووەو لێكەوتەكانی روون كردۆتەوە.
- رۆماننوسانی كورد هەڵوێستیان لەمەر ململانێی چینایەتی هەبووەو بێ لایەن نەبوون، بەڵكو هەمیشە لایەنگیری چینی جوتیار و كرێكارو هەژار و چەوساوەی كوردستانیان لەدژی چینی دەرەبەگ و نیمچە بۆرژوازی كردووەو خۆیان بەیەكێك لەبەری ئەوان لەقەڵەم داوەو لەناوەرۆكی رۆمانەكانیاندا ئێش و ئازار و چەوسانەوەی چینی خوارەوەی كۆمەڵگەیان پیشان داوەو داوای چارەسەر و كۆتاییهێنان بە زوڵم وزۆرداری چینی بەرانبەر كردووە .

**5. سەرچاوە**

## 1.5 بەزمانی كوردی

### 1.1.5 كتێب


1. ئالان وودس، سەرمایەداری و داهاتوو ئەدەب و هونەر، و: پێشڕەو محەمەد،چاپخانەی ناوەندی رەهەند، سلێمانی 2019 .
2. ئیسماعیل رۆژبەیانی، نازە، دار العراق للطبع و النشر، بغداد، 1981 .
3. تەها ئەحمەد رسـول، فەنتازیای داخراو، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوكردنەوە، سـلێمانی 2009.
4. حەننا عەبود، لەبارەی مێژووی رۆمانەوە، و: عەبدوڵلا رەحمان،چاپخانەی منارە، هەولێر ، 2010.
5. حەمە كەریم عارف، كۆچی سوور، لە بلاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كوردستان ژمارە - 45 -، چای چوارەم، 2012.
6. حسـێن عارف، شـار، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.
7. حسـێن عارف، ئەندێشـەی مرۆڤێك، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.
8. حسام بەرزنجی، كانگەی بەلا، مطبعة الحوادث، بغداد، 1988.
9. د. رەحیمی قازی، پێشـمەرگە، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی سـێیەم، هەولێر، 2008 .
10. عەزیزی مەلای رەش، كوێخا سێوێ، الامانه العامه للپقافه و الشباب، هەولێر 1986.
11. عەلی عوسـمان یەعقوب، رۆمان ژانری تەكنیكە جوانەكان و رەگەز فرە رەهەندەكان، چاپخانەی سەردەم، كوردستان - سلێمانی، 2019 .
12. محمد موكری، تۆڵە، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی پێنجەم، سلێمانی، 2015.
13. د.نافع ئاكرەیی، بوهژین، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان / هەولێر،1989.


### 2.1.5 رۆژنامە وگۆڤار


1. شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، ململانێی چینایەتی لەنێوان رۆمانی حەمەدۆك و خاك و چەوسانەوە، بەشی سێیەم، گۆڤاری (كاروان) ، ژمارە (213)ی ساڵی (2007).
2. شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، ململانێی چینایەتی لەنێوان رۆمانی حەمەدۆك و خاك و چەوسانەوە، بەشی دووەم، گۆڤاری (كاروان) ، ژمارە (211)ی ساڵی (2006).


## 2.5 بەزمانی عەرەبی

### 1.2.5 كتێب


1. احمد المنياوي، جمهورية افلاطون، الطبعة الاولي، دار الكتاب العربي للنشر، مصر 2010.
2. ايان واط، نشوء الرواية، ترجمة: الدكتور ثائر ديب، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، سورية - دمشق، 2008.
3. جورج لوكاش، نظرية الرواية وتطورها، ت: نزية الشوفي، دمشق، 1987.
4. د.سيد البحراوي، علم الأجتماع الآدب، الشركة المصرية العالمية للنشر - لونجمان، 1992.
5. عبدالرحمن خليفة ، ايدلوجية الصراع السياسي، دار المعرفة الجامعية، القاهرة، مصر ، ؟.
6. د.محمد زكي العشماوي، الأدب و قيم الحياة المعاصرة، مؤسسة الجائزة عبدالعزيز البابطين للآبداع الشعري، الكويت،2009.
7. ماركس و انجلز، البيان الشيوعية، شركة اللبنانية للكتاب. بيروت - لبنان.
8. كريس هارمان، كيف تعمل ماركسية، مركز دراسات اشتراكية. ؟.
9. نسيم الصمادي،خلاصات كتب المدير و الرجل الأعمال، القاهرة، 2002.
10. يانيك لؤميل، الطبقات الآجتماعية،ت: د.جورجيت الحداد، ت: د.جورجيت الحداد، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، 2008.


### 2.2.5 رۆژنامە وگۆڤار


1. د. ازهر ضيف، ا.جميلة زيدان، نقد الصراع و اسقاطها على واقع العربي،مجلة الدراسات و البحوث الأجتماعية، جامعة الشهيد حمة لخض _ الوادي، العدد (20)، ديسمبر 2016.


### 3.2.5نامەی ئەكادیمی


1. ايمان قارة، الصراع الآيدلوجي في رواية (في الظلام) لنجيب كيلاني، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف - مسيلة، كلية الآداب و اللغات، 2018.


### 3.5 ئینتەرنێت


1. ابراهيم علي ربابعة، الصراع و النزاع، 2017. www.alukah.net .